





# له پەراوێزی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرووەکانی ئەمریکا

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- کورتەیەک لە ژیاننامە جۆوی بایدن(Jos Biden)

٢- کورتەیەک لە ژیاننامەی کامڵا دیڤای هاریس(Kamala Devi Harris)

٣- خشتەی سەرجەم سەرۆک کۆمارەکان.

٤- ئەم سەرۆکانەی کە یەک خول لە حیزبی دیموکرات(Democratic Party)سەرۆکایەتی ئامریکایان کردوە،

٥- ئەم سەرۆکانەی کە دوو خول لە حیزبی دیموکرات(Democratic Party)سەرۆکایەتی ئامریکایان کردوە،

٦- ئەم سەرۆکانەی کە یەک خول لە حیزبی کۆماریخواز (Republican Party)سەرۆکایەتی ئامریکایان کردوە،

٧- ئەم سەرۆکانەی کە دوو خول لە حیزبی کۆماریخواز (Republican Party)سەرۆکایەتی ئامریکایان کردوە،

٨- ئەم چوار سەرۆکی ئەمەریکا لە مێژووی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە بەهۆی نەخۆشی کۆچیان کردوە.

٩- ئەم چوار سەرۆکی ئەمەریکا لە مێژووی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە تیرۆر کراون:

١٠- بەربژێرانی ژن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی و جێگری سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

١١- کۆشکی سپی(White House)

١٢- بۆچی "کەر" و "فیل"، بوونەتە لۆگۆی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان.

١٣- چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا .................. د. محەمەد سابیر

## کورتەیەک لە ژیاننامە جۆوی بایدن(Jos Biden)

### چل و شەشەمین(٤٦) سەرۆک کۆماری ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا



**ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی**

جۆسێف رۆبینێت بایدن جونیەر(Joseph Robinette Biden Jr) لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٤٢ی زایینی لە نەخۆشخانەی سەینت ماری(St. Mary's Hospital) لە سکرانتن پەنسلڤەینیا(Scranton, Pennsylvania) لەدایکبووە. دایکی ناوی کاترین یوجینا "جین" بایدن (Catherine Eugenia "Jean" Biden) بووە (١٩١٧ تاکوو ٢٠١٠ی زایینی ژیاوە) و باوکیشی ناوی جۆسێف رۆبینێت بایدن سینیۆر (Joseph Robinette Biden Sr) بووە (١٩١٥ تاکوو ٢٠٠٢ی زایینی ژیاوە). بایدن گەورەترین منداڵی بنەماڵە کاتۆلیکیەکەی (Catholic) بووە، خوشکێکی بەناوی ڤالێتی(Valerie Biden) ئێستا ٧٥ ساڵە. و دوو برای بەناوەکانی فرانسیس و جەیمس(Francis and Jame) هەبووە. جینی دایکی بە ڕەچەڵەک ئێرلەندی(Irish) بووە، و هەروەها باوکی بە ڕەچەڵەک ئێرلەندی و فەرەنسی(English, French) بووە.

### هاوسەرگیری و بنەماڵە

لە ٢٧ی ئاگۆستی ١٩٦٦ی زایینی دا، بایدن هاوسەرگیری لەگەڵ نیێلا هەنتەر(Neilia Hunter) کرد. هەنتەر قوتابیەکی زانکۆی سیراکیوز بوو(Syracuse University). هاوسەرگیریەکەیان دوای مشتومڕێکی زۆرەوە بەهۆی ئایینەکەیانەوە لەنێوان بایدن و بنەماڵەی هاوسەرەکەی چونکە بایدن کاتۆلیکی ڕۆمانی(Roman Catholic) بووە. ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەیان لە کلێسایەکی سکانیتڵس، نیویۆرک سازکرد(Skaneateles, New York). بەڕیوە چوو.

بایدن و هەنتەری هاوسەری بەیەکەوە خاوەنی سێ منداڵ بوو کە بریتین لە؛

١- بۆو بایدن(Beau Biden) لە دایکبووی(٣ی فێبریوێری ١٩٦٩)ی زایینی. بۆو (Beau) کوڕە گەورەکەی بایدن لە

ڕێکەوتی ٣٠ی مای ٢٠١٥ی زایینی، لە تەمەنی ٤٦ ساڵی بەهۆی شێرپەنجەی مێشک، کۆچی دوایی کردەوە.

٢- هەنتەر بایدن(Hunter Biden) (لەدایکبووی ٤ی فێبریوێری ١٩٧٠)ی زایینی و نایۆمی کریستینا بایدن(Biden Naomi Christina). (لەدایکبووی ٤ی فێبریوێری ١٩٧١)،

٣- هەنتەر بایدن(Hunter Biden) لە دایکبووی ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧١ی زایینی لە تەمەنی یەکساڵی دا لە ١٨ی دیسەمبەری ١٩٧٢)ی زایینی کۆچی دوایی کردۆوە.

* نیێلیا هەنتەر(Neilia Hunter) هاوسەری جۆو بایدن لە دایکبووی(٢٨ی جوولای ١٩٤٢)ی زایینی، لە ئەسکانیتلس، نیویۆرک، ئەمریکا،(Skaneateles, New York, U.S) بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبیل لە ڕێکەوتی ١٨ی دیسەمبەری ١٩٧٢ لەگەڵ کچە یەکساڵەکەی لە تەمەنی ٣٠ی ساڵی لە ویلمینگتۆن، دیلاوێر، (Wilmington, Delaware, U.S) ئەمریکا دا کۆچی دوایی کرد.

## خوێندن و کاری سیاسی

لەساڵێ ١٩٦٨ی زایینی، بایدن کۆلێژی یاسای زانکۆی سیرەکسی( Juris Doctor from Syracuse University College of Law) تەواوکرد و ٧٦مین قوتابی بوو لەسەر ئاستی ٨٥ قوتابی پۆلەکەی، لەساڵی ١٩٦٩ی زایینی. وەک پارێزەر لە نووسینگەی یاسایی دیلاوێر (Delaware) دەستی بەکارکردوە.

بایدن لە هەریەک لە سکرانتن(Scranton)، پێنسیلڤانیا(Pennsylvania) و نیوکاسڵ کاونتی(New Castle County)، دیلاوێر (Delaware) ژیاوە و لە زانکۆی دیلاوێر(University of Delaware) خوێندوویەتی تا دواتر بۆتە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سیراکەس(Syracuse University).

لەساڵی ١٩٦٨ی زایینی دا، بایدن لە نووسینگەی دادوەری ویلیمینگتن(Wilmington) دامەزراوە کە ئەوکات لەلایەن ویلیەم پریکێتەوە(William Prickett) بەڕێوە دەبردرا.

بایدن لەساڵی ١٩٦٩ی زایینی دا، وەک پارێزەرێکی گشتی(public defender) هاوشانی هەندێک ئەندامی حیزبی دیموکرات کاری کردووە کە لەوێشەوە بیرۆکەکانی زیاتر لە دیموکراتەکان نیزیک بووە و خۆی وەک دیموکراتێک ناساند.

* بایدن لەساڵی ١٩٦٩ی زایینی وەک دێموکراتیک خۆی بەربژێر بۆ ئەنجومەنی شاری نیوکەستیل لە ویلایەتی دیلاوێر(New Castle County, Delaware)کرد بانگەشی سەرەکی هەڵبژاردنەکەی ئەو پشتیوانی و بەرگری لە خانوو

بەرەی دەوڵەتی بوو. و توانی بە ٢٠٠٠ دەنگ زیاتر لە هەلبژاردنەکان سەرکەوتن بۆ خۆی مسوگەر بکات.

❊ لە ڕێکەوتی ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٧٠ تاکوو ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧٢ی زایینی؛ ئەندامی ئەنجوومەنی ناوخۆیی نوکاسڵ لە ناوچەی چوارەم (Member of the New Castle County Council from the 4th district) لە پۆستدا بووە و هاوکات کاری پارێزەریشی دەکرد. بەڵام بایدن هەر زوو بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت لەڕێگەی کاری پارێزەرییەوە (Corporate law) بژێوی خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات، بۆیە بۆ ماوەیەک لە بواری کڕین و فرۆشتنی موڵک کاری کردووە.

### دووەمین هاوسەرگیری

❊ جۆو بایدن داوی پێنج ساڵ زگورتی (سەڵتی) لەگەڵ جیل تریسی جاکۆبس (Jill Tracy Jacobs)، لەساڵی ١٩٧٥ی زایینی دا یەکتریان ناسی و لە ١٧ی جوونی ١٩٧٧ی زایینی لە کڵێسایەکی نیویۆرک (York New) هاوسەرگیری دووهەمی کردووە.

❊ جیل تریسی جاکۆبس (Jill Tracy Jacobs)، مامۆستایەکی ئەمریکییە، لە ساڵەکانی (٢٠٠٩ - ٢٠١٧)ی زایینی. خانمی دووەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە. دوای ٢١ی جانێوەری ٢٠٢١ی زایینی بەفەرمی دەبێتە خانمی یەکەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

❊ بەرهەمی ئەو هاسەرگیریەی بایدن جیل کچێکە بەناوی ئاشلی بلەیزەر بایدن(Ashley Blazer Biden) کە لە ڕێکەوتی ٨ی جوونی ١٩٨١ی زایینی دا لە ویلمینگتن دێلاوێر(Wilmington, Delaware, U.S). لە دایکبووە.

❊ بایدن و جیل بەیەکەوە پەیڕەوی ئاینەکەی خۆیان دەکەن. و هەموو حەوتەیەک لە کلێسای سەینت جۆزێف لە گرینڤیل، دێلاوێردا (St. Joseph's on the Brandywine in Greenville, Delaware) بەشداری لە کۆبوونەوەکانی کلێسایان کردووە.

### ئەنجومەنی پیران

لەساڵی ١٩٦٨ی زایینی. لەساڵی ١٩٧٠ی زایینی، وەک ئەندامی ئەنجومەنی نیوکاسڵ کاونتی(New Castle County Councillor) هەڵبژێرا و بووە شەشەمین لاوترین ئەندامی ئەنجومەنی پیران کاتێک توانی ببێتە نوێنەری ویلایەتی دێلاوێر (Delaware)

❊ جۆو بایدن لە ڕێکەوتی ٣ی جانیۆێری ١٩٧٣ وەک سیناتۆری ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا(United States Senator from Delaware) هەڵبژێردرا و تاکوو ١٥ی جانیۆێری ٢٠٠٩ی زایینی لە پۆستدا بووە.

❊ لەساڵی ١٩٧٢دا، بایدن توانی بەربژێری کۆماری جەی کەیلب بۆگس(J. Caleb Boggs) لە رکابەرەی ناسراو بباتەوە. و ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتی دێلاوێر(Delaware). بەم شێوەیە بایدن وەک یەکێک لە کەنجترین سناتۆرەکان بوو کە ببیتە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

❊ بایدن لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکەیدا، تیشک خستبووە سەر کشانەوەی هێزەکانیان لە ڤیەتنام، کێشە ژینگەییەکان، مافە مەدەنیەکان و تەندروستی کۆمەلانی خەڵک.

❊ بایدن لە ڕێکەوتی ٥ی جانیۆێری ١٩٧٣ لە نەخۆشخانەی ویلمینگتن(Wilmington Hospital) دا بۆ دەستبەکاربوون لە ئەنجومەنی پیران. سوێندی یاسایی خوارد. بایدن لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا، شەشەم و گەنجترین ئەندامی ئەنجومەنی پیران لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. و یەکێک لەم ١٨ کەسی کە پێش ٣١ ساڵی بۆ ئەم ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەن.

❊ لە ڕێکەوتی ٣ی جانیۆێری ١٩٧٣ی زایینی تاکوو ١٥ی جانیۆێری ٢٠٠٩ی زایینی؛ سیناتۆری ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا(from Delaware United States Senator) لە پۆستدا بووە

❊ لە ڕێکەوتی ٣ی جانیۆێری ٢٠٠٧ تاکوو ٣ی جانیۆێری ٢٠٠٩ی زایینی؛ سەرۆکی کۆمسیۆنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجوومەنی پیران (Chair of the Senate Foreign Relations Committee) لە پۆستدا بووە

لەساڵی ١٩٧٢ی زایینی دا. بایدن ئەندامیش لە کۆمیتەی ئەنجومەنی پیران بۆ بڕیارەکانی دەرەوە( Senate Foreign Relations Committee) و دواتر بووە بەڕێوبەری کۆمیتەکەش. بایدن دژی شەڕی کەنداو(Gulf War) بووە، بەڵام پشتگیری لە زیادکردنی ژمارەی سەربازانی ناتۆ کرد لەکاتی شەڕی یوگوسلاڤ(Yugoslav Wars) لە ١٩٩٠ی زایینی ەکاندا.

هەروەها پشتگیری لە بڕیاری داگیرکردنی عێراق کرد لەساڵی ٢٠٠٢ی زایینی ، بەڵام دژی زیاد کردنی ژمارەی سەربازانیان وەستایەوە لەساڵی ٢٠٠٧ی زایینی. هەربەدەر لەمەش سەرۆکی کۆمیسیۆنی دادوەری ئەنجومەن بووە

* لە ڕێکەوتی ٣ی جانێوێری ٢٠٠٧ تاکوو ٣ی جانێوێری ٢٠٠٩ی زایینی؛ سەرۆکی گرووپی نێودەوڵەتی ئەنجوومەنی پیران بۆ کۆنترۆڵی ماددەی هۆشبەر (Chair of the International Narcotics Control Caucus) لە پۆستدا بووە

لە ساڵی ١٩٨٧ تاکو ١٩٩٥ی زایینی ، و بەرپرس بووە لە چەندین پرۆژە یاسای تایبەت ماددە هۆشبەرەکان، کەمکردنەوەی تاوان، ئازادیە مەدەنییەکان. بایدن سەرکردایەتی کۆمەڵێک هەوڵی کرد بۆ پەسەندکردنی پرۆژەیاسای تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی تاوان و توندوتیژی دژی ئافرەتان و بەشداربووە لە دامەزراندنی شەش دادوەر لە دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

## سەرۆکایەتی

* بایدن لە ٩ی جوونی ١٩٨٧ی زایینی بەشێوەیەکی فەرمی بەربژێر کردنی خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەسەر حیزبی دێموکرات (Democratic) ڕاگەیاند. بایدن وەک بەربژێرێکی بەهێز دەبینرا بەهۆی توانای وتاردان و هەروەها هەبوونی کەسایەتیەکی دیار لەوکاتەی لە کۆمیسیۆنی دادوەری ئەنجومەندا سەرپەرشتی دامەزراندنی دادوەر ڕۆبەرت بۆرکی( Robert Bork) لە دادگای باڵای ئەمەریکا کرد.

بایدن بەرپرس بوو لە بودجەی چاکسازی و گەڕاندنەوەی ئابووری بۆ سەر دۆخی جاران دوای دارمانی ئابووری لە ئەمەریکا. ڕێکەوتنی بایدن لەگەڵ ئەندامانی حیزبی کۆماری لە ئەنجومەن وایکرد چەندین پرۆژە یاسای جۆراوجۆر پەسەند بکرێت.

بایدن لەساڵی ١٩٩٢ی زایینی بڕیاریدا خۆی بۆ سەرۆکایەتی بەربژێر نەکات، لەوکاتەدا دژی شەڕی کەنداو دەنگی دابوو، و پشتگیری بەشێک لە هەڤاڵانی لەدەستدا بوو، و لە ٢٠٠٤ی زایینی یش خۆی بەربژێر نەکرد چۆنکە هەلی بردنەوەی کەمبوو. و بە مانەوەی لە ئەنجومەنی پیران پێیوابوو دەتوانێت زیاتر خزمەت بکات. لە مانگی جانێوێری ٢٠٠٧ی زایینی، ڕایگەیاند کە خۆی بۆ سەرۆکایەتی ٢٠٠٨ی زایینی بەربژێر دەکات.

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکەیدا، بایدن تیشک خستبووە سەر شەڕی عێراق(Iraq War)، لەپاڵ کارەکانی لە کۆمیسیۆنەکانی ئەنجومەنی پیران و ئەزموونی لە سیاسەتی دەرەوە. بایدن ڕەتیکردەوە کە پێخوش بێ بەربژێر بکرێ بۆ وەزیری کار و باری دەرەوە. و دووپاتی کردەوە کە چاوی لەسەر سەرۆکایەتیە. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی دا، بایدن لەبارەی ئۆباماوە ڕایگەیاند، "پێموایە ئەو ئامادە دەبێت، بەڵام لە ئێستادا ئەزموونی پێویستی نییە". بایدن تەنانەت ڕاگەیاندبوو کە ئۆباما بەشێک لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەوی بردووە. یەکێکی دیکە لە توانجەکانی بایدن لەدژی ڕودی جولیانی(Rudy Giuliani) بوو کەوا لەکاتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧ی زایینی پارێزگاری نیویۆرک بوو و خۆی

بەربژێر کردبوو بۆ سەرۆکایەتی، بایدن لەبارەی رودیەوە گوتی، "ئەو تەنها دەزانێت سێ وشە دەربڕێت لە ڕستەیەکدا: ناوێک، کارێک لەگەڵ ١١ی سێپتەمبەر." بەشێوەیەکی گشتیش لە مشت و مڕ، ڕووبەڕوو(Debate) سەرۆکایەتی، بایدن تێکەڵەیەک لە توانجی پێکەنیناوی و وتەی بەهێزی بەکاردەهێنا لەکاتی مشت و مڕ، ڕووبەڕوو دا.

بایدن کێشەی هەبوو لەگەڵ کۆکردنەوەی پشتگیری دارایی، کێشەی هەبوو لە کۆکردنەوەی خەڵک لە ڕێورەسمەکانی و هاوشێوەی ئۆباما و هیلاری کلینتن(Hillary Clinton) نەیتوانی وەک پێویست لایەنگر کۆبکاتەوە. بایدن هیچ کات لە ئەنجامە بەراییەکان نەگەیشتە ژمارەیەکی بەرچاو. لە یەکەمین هەڵبژاردن بۆ دیاری بەربژێری دیموکراتەکان لە ئایۆوا (Iowa caucuses) لە ٣ی جانیۆری ٢٠٠٨ی زایینی، بایدن لە ڕادەی پێنجەمدا بوو، هەر هەمان ڕۆژ وازی لە ڕکابەریەکە هێنا.

سەرەڕای سەرنەکەوتنی لە بانگەشەکەی، بایدن(Biden) توانی بەجۆرێکی دیکە لە جیهانی سیاسەت دەرکەوێت. هەڵبژاردنەکە پەیوەندی نێوان بایدن و ئۆبامای پتەوکرد. هەرچەندە بەیەکەوە لە کۆمیسیۆنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ئەنجومەنی پیرانی (Senate Foreign Relations Committee)خزمەتیان کردبوو، هاوڕێیەتیەکی پتەویان نەبوو، لەسەرەتای هەڵبژاردنیشدا بایدن دەرکەوتنی تازەی ئۆبامای لە جیهانی سیاسەت بەلاوە پەسەند نەبوو، لەوکاتەی ئۆباما(Obama) پێیوابوو بایدن کەسێکی خۆبەزلزانە. لەگەڵ پتەوبوونی هاوڕێیەتیان، ئۆباما ستایشی بانگەشەکانی بایدنی کرد بەتایبەت هەوڵەکانی بایدن بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کاسبکاران، لەوکاتەی بایدن بە گوتەی خۆی تێگەیشت کە ئۆباما "کەسێکی تایبەت"ە.

لە ڕێکەوتی ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ی زایینی باراک ئۆباما(Barack Obama) ڕاگەیاند کە بایدن هاوڕێ هەڵبژاردنەکانی دەبێ. ڕۆژنامەی نیویورک تایمز لە ڕاپۆرتێک دا راگەیاند کە مەبەستی هەڵبژاردنەکان دۆزینەوەی کەسیەکە کە ئەزمونی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی(foreign policy) و ئاسایشی نیشتمانی(national security) هەبێت.

بەباوەری و هەڵسەنگاندنی کەسانێک خۆشەویستی بایدن لە نێو چینی مامناوەند و کرێکارانی یخەشێن ( Blue - Collar Worker) و هەروەها هەڵوێستی ئەو بۆ بە ژێرپرسیار بردنی بەربژێری کۆماریخوازەکان جان مەککەین(John McCain) لە هەڵبژاردنەکان شوێنی خۆی داناوە.

جۆو بایدن(Joe Biden) ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ی زایینی لە ڕۆژی کۆنگرەی نیشتمانی دیموکراتەکاندا لە ویلایەتی دێلاوێر (Democratic National Convention in Denver)، بەشێوەی فەرمی لەلایەن دیموکراتەکانەوە بۆ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەلایەن دیموکراتەکانەوە بەربژێر کرا.

* لە ڕێکەوتی ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ی زایینی باراک ئۆباما(Barack Obama) وەک چل و چوارەمین(٤٤) سەرۆک کۆماری ئەمریکا (44 th President of the United States) و جۆو بایدن(Obama and Biden) وەک چل و حەوتەمین (٤٧) جێگری سەرۆک کۆماری لە دیموکراتەکان هەڵبژێردران. هەریەک لە ئوباما و بایدن توانیان ٣٦٥ دەنگی کۆلێجی هەڵبژاردن. (Electral Collage) و مەککین و پێلین(McCain-Palin's) لە کۆمارێخوازان ١٧٣ دەنگی کۆلێجی هەڵبژاردن (Electral Collage) بۆ خۆیان تۆمار بکەن. ئۆباما و بایدن لەم هەڵبژاردنەکان دا توانیان ٥٣% دەنگی خەڵک بۆ خۆیان مسوگەر بکەن.

* جۆو بایدن(Joe Biden) هەروەها لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیران بەشداری کردبوو سەرەرای ئەوەی بەپێی یاسای دێلاوێر مانایەکی نەبوو. بایدن دوای لێندوون بی جانسوون(Lyndon B. Johnson)، لوید بنتسن(Lloyd Bentsen) و جۆو لیبرمەن (Joe Lieberman)چوارەمین کەس بوو کە هاوکات لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیران و جێگری سەرۆک کۆماری بەشداری دەکات و دووهەمین کەسە دوای جانسوون(Johnson) کە هەر دوو هەڵبژاردنەکان سەرکەوتن مسوگەر بکات.

* لە چواری نۆڤەمبەر ئەو دوای بردنەوە لە کریستین ئودانڵ(Christine O'Donnell)، بەربژێری کۆمارێخوار دووبارە بە سیناتۆر لە ئەنجومەنی پیران هەڵبژێردرایەوە. بایدن لە هەر دوو هەڵبژاردنەکان سەرکەوت، لە سیناتۆر لە ئەنجومەنی پیران وازی نەهێنا تاکوو بتوانی بۆ حەوتەمین خولی سیناتۆر لە ئەنجومەنی پیران لە ٦ی جانێوێری ٢٠٠٩ی زایینی سوێند یاسایی بخوا. ئەو گەنج ترین سیناتۆر بوو کە بۆ حەوتەمین خولی تەواو چۆوتە ئەنجومەنی پیران، ئەو گوتی:
"گەورەترین شانازییە کە لە هەموو ژیانم بەمن بڕاوە خزمەت بەخەڵکی دێلاوێر وەک سیناتۆر ئەوان بووە". بایدن دواین دەنگی ئەنجومەنی پیران خۆی کە دەنگی ئەرێنی بوو بۆ ئازاد کردنی ٣٥٠ ملیار دولار بۆ یارمەتی ئابووری وڵات کە ١٥ی جانێوێری ٢٠٠٩ی زایینی لە سندووقی دەنگدانی هاویشت. و دوای ئەم دەنگدان هەر ئەم رۆژە وازی لە ئەنجومەنی پیران هێنا.

٢٠ی جانێوێری ٢٠٠٩ی زایینی جۆو بایدن(Joe Biden) وەک بە چل و حەوتەمین(٤٧) جێگری سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووی ئەمریکا بە فەرمی سوێند خوارد

بایدن لە ڕێکەوتی ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢ی زایینی کۆنگرەی دیموکراتەکاندا لە شارلووت کارۆلێنای باکوور( Democratic National Convention in Charlotte, North Carolina) بە فەرمی بۆ دووهەمین جار وەک بەربژێری جێگری سەرۆک کۆمار حیزب ناسیندرا.

❊ لە ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢ی زایینی ئۆباما و بایدن(Obama and Biden) لە دێموکراتەکان بۆ جاری دووهەم لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنیان مسوگەر کرد. ئەوان ٣٣٢ دەنگی کۆلێجی هەڵبژاردن (Electral Collage) و ٥١% دەنگی خەڵکیان هێنایەوە. هەریەک لە رامنی و رایان(Romney–Ryan's) کۆماریخوازی رەکابەر ٢٠٦ دەنگی کۆلێجی هەڵبژاردن (Electral Collage)هێنایەوە.

❊ بایدن لە ڕێکەوتی ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٣ی زایینی لە رێورەسمی بچووک دا بۆ جاری دووهەم سوێندی یاسای خوارد. بایدن هاوڕێ لە گەڵ باراک ئۆباما لەنێوان سالانی (٢٠ی جانێوێری ٢٠٠٩ - ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٧)ی زایینی دووخول حوکمرانی ئەمریکایان کردووە.

❊ جۆو بایدن لە ڕێکەوتی ١٢ی جانێوێری (٢٠١٧)ی زایینی لە لایەن سەرۆک باراک ئۆباما خەڵاتی ئازادی سەرۆکایەتی (Presidential Medal of Freedom with Distinction) پێ بخشراوە.

## هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠

جۆوی بایدن((Joe Biden)) لە ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٩ی زایینی دا، لە دەستپێکی سێهەمین کەمپێی خۆی بۆ بۆ کێبڕکێ لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ (Donald Trump)لە ڕێکەوتی ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی سەرۆکایەتی ئامریکای راگەیاند. لە جوونی ٢٠٢٠ی زایینی دا. و وەک بەربژێرێکی بەهێزی حیزبی دێموکرات بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرکەوت.

جۆو بایدن(Joe Biden) لە ١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی ئەندامی ئەنجومەنی پیران کالیفۆرنیا کاملا هاریسی ( Senator Kamala Harris of California) وەک جێگر و هاوڕێ بۆ کێبڕکێ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ی زایینی دیاری کرد.

❊ لە ڕێکەوتی ١٧ تاکوو ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نیشتیمانی دێموکراتەکان (Democratic National Convention) لە شاری مێلووکی(Milwaukee) بۆ تاوتۆ کردنی سیاسەتەکانی داهاتوو و دەنگدان بۆ بەربژێرەکانی بۆ کێبڕکێ لە هەڵبژاردنەکان خۆیان بەرێوەچوو، لە رۆژی ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی جۆو بایدن جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بەربژێری دێلاوێر(Delaware) بۆ سەرۆک. و کاملا هێرس (Kamala Harris) بەربژێری کالیفۆرنیا(California) بۆ جێگری سەرۆک بە زۆرینەی دەنگ بەفەرمی وەک بەربژێری دیموکراتەکان بۆ کێبڕکێ لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ(Donald Trump) بەربژێری کۆمارییەکان پەسەندکرد.

پێش دەستپێکی هەڵبژاردنەکانی ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ بەشی زۆری ڕاپرسییەکان جۆوی بایدینیان وەک براوە ئەم خولەی سەرۆکایەتی ئەمریکایان دەست نیشان کردبوو. کە هەر واش دەرچوو.

* دوای ئەوەی وەک بەربژێری دیموکراتەکان هەڵبژێردرا وەک ڕکابەری دۆناڵد ترامپ بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕۆژی ٧ی نۆڤەمبەر ٢٠٢٠ جۆو بایدن(Joe Biden)وەک چل و شەشەمین(٤٦) سەرۆکی ئەمریکا و کامڵا هێرس (Kamala Harris) وەک جێگری سەرۆک کۆمار بردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکایان مسوگەر کرد.

* شایانی باسە کامڵا هێرس (Kamala Harris) یەکەمین جێگری سەرۆک کۆماری ژن و یەکەمین جێگری سەرۆک کۆماری ڕەش پێستە کە لە مێژووی ٢٤٣ ساڵەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێ وێنە و یەکەم جارە روودەدا.

* لە ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١ی زایینی جۆوی بایدن(Joe Biden) هاوڕێ لەگەڵ جێگرەکەی کامڵا هێرس (Kamala Harris) وەک چل و شەشەمین(٤٦) سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە فەرمی سوێندی یاسایی خوارد و بەفەرمی دەستیان بەکار و ئەرکەکانی خۆیان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ویکیپیدیا ئینگلیزی(Wikipedia)

---------------------------------------------------------



## کورتەیەک لە ژیاننامەی کامڵا دیڤای هاریس(Kamala Devi Harris)



ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

کامڵا دیڤی هاریس (Kamala Harris) لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٤ی زایینی لە (ئۆکلند، کالیفۆرنیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا (Oakland, California, U.S) لەدایک بووە.

هاریس بە ڕەچەڵەک هیندێکی تامیلی (Tamil Nadu in India) ئەمریکای و جامایکایی(Americans - Jamaicans) ئەمەریکاییە. دایکی شیامالا گۆپالان Shyamala Gopalan ) و باوکی دۆناڵد هاریس ( Donald J. Harris) لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی جیابوونەتەوە و لە ساڵی ١٩٧٦ی زایینی، هاریس لەگەڵ دایکی لە کەنەدا نیشتەجێ بووە. لەوێ چووەتە زانکۆی هاوەرد(Howard University (BA) و بڕوانامەکەی لە زانستی سیاسی وەرگرتووە،

لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی دا، هاریس بووە پارێزەر دوای تەواو کردنی بەشی یاسا لە زانکۆی کالیفۆرنیا ( University of California, Hastings (JD)). سەرەتا لە نووسینگەی دادوەری گشتی ئالامێدا کاری کردووە لە ساڵی ١٩٩٠. district attorney in Alameda County, California لە فێبریوێری ساڵی ١٩٩٨ی زایینی چووەتە نووسینگەی داواکاری گشتی سان فرانسیسکۆ(San Francisco district attorney) و لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی ش کرایە داواکاری گشتی ناوچەی ناوبراو،

٨ی جانێوێری ٢٠٠٤ تاکۆ ٣ی جانێوێری ٢٠١١ی زایینی بیست و حەوتەمین(٢٧) داواکاری گشتی سان فڕانسیسکۆ( District Attorney of San Francisco) لە پۆستدا بووە؛

٣ێ جانێویری ٢٠١١ تاکۆو ٣ی جانێویری ٢٠١٧ سی و دووهەمین(٣٢) داواکاری گشتی کالیفۆرنیا (Attorney General of California) لە پۆستدا بووە:

٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ی زایینی لە هەڵبژاردنەکانی بۆ ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا(United States Senate)، هاریس توانی بەسەر رکابەرەکی خۆی لۆرتا سانچس(Loretta Sanchez)سەرکەوتن مسەوگەر بکات تا جێگەی باربرا باکسەر (Barbara Boxer)ی خانە نشین بگریتەوە. تاکوو وەک سێهەمین ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ژن لە ئەمریکایە و ویلایەتی کالیفۆرنیاو یەکەم ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی بە ڕەچەڵەک هیندێکی تامیلی ئەمریکی و جامایکی ئەمەریکییە کە بۆوتە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا(United States Senate)

٣ی جانێویری ٢٠١٧ی زایینی ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکایە و نوێنەرایەتی ویلایەتی کالیفۆرنیا ( from United States Senator California) هاوشانی دایان فاینستاین(Dianne Feinstein) دەستی بەکار کردەوە.

٢١ی جانێویری ٢٠١٩ی زایینی بە فەرمی خۆی وەک یەکێک لە نوێنەرانی حیزبی دێموکرات بۆ سەرۆکایەتی ویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەڵبژاندنەکای سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی بەربژێر کرد. لە ماوەیەکی کورتی کیبەرکیی دا توانی دەستکەوتی باش بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام دواتر لە ٣ی دیسەمبەری ٢٠١٩ی زایینی لە بەربژێریەکەی خۆی پاشگەز بووە. دوای ئەوەی جۆو بایدن وەک نوێنەری حیزبی دیموکرات بۆ سەرۆکایەتی، هاریسی وەک جێگری خۆی بۆ سەرۆکایەتی دەستنیشانکرد.

٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی کامڵا هێرس بە فەرمی کاندیدکردنی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەلایەن دیموکراتەکانەوە لە سێیەم رۆژی کۆنگرەی دیموکراتەکاندا، بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا پەسەندکرد، بەمەش بووە یەکەم ژنی ئەمەریکایی بە ڕەچەڵەک هندی و جامایکایی بۆ ئەم پۆستە باڵایە کاندید بکرێت.

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی کامڵا دیڤی هریس(Kamala Devi Harris) لە هەڵبژاردنێکی مێژووی دا وەک جێگری سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (United States of America) هەڵبژێردرا. ناوبراو لە ٢٠ی جانێویری ٢٠٢١ی زایینی دەست بەکار دەکا. ئەو یەکەمین جێگری سەرۆک کۆماری ژن و یەکەمین جێگری سەرۆک کۆمار رەش پێستە کە لە مێژووی ٢٤٣ ساڵەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رووی نەداوە و گرینگی خۆی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ویکیپیدیا ئینگلیزی(Wikipedia)

جۆسێف ڕۆبینێت بایدن جونیەر (Joseph Robinette Biden Jr) کاملا دیڤی هریس (Kamala Devi Harris) کاندیدی دیموکراتەکان:



## چل و شەشەمین(٤٦) سەرۆک و جێگری سەرۆکی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا

لەکۆی:

٥٣٨ members of the Electoral College (دەنگی ئێلێکتۆڕال (کورسییەکان) توانیان ٣٦٠ (Electoral College): کورسی بۆ خۆیان مسوگەر بکەن.

کۆی دەنگەکان(votes): ٨١ ملیۆن و ٢٦٨ هەزار ٧٥٧ دەنگ (٣،٥١%).

---------------------------------------------------- -------

دۆناڵد ترەمپ کاندیدی کۆمارییەکان: کۆی دەنگەکان: ٧٤ ملیۆن و ٢١٦ هەزار و ٧٢٢ دەنگ (٩،٤٦%) کۆی کورسییەکان: ٢٣٢ (Electoral College): کورسی ببنەوە.



## سەرجەم سەرۆک کۆمارەکان

**١٧٨٩ - ٢٠٢٠**

-----------------------------------------------------------

**یەکەمین سەرۆک کۆمار، جۆرج واشینگتون - (George Washington)**



**لە ٢٢ی فێبریوێری ١٧٣٢ی زایینی**

**کاندیدی؛ سەربەخۆ و بێ حیزب(Unaffiliated) بووە. لەنێوان ٣٠ی ئەپریلی ١٧٨٩ تاکوو ٤ی مارچی ١٧٩٧ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ١٤ی دیسەمبەری ١٧٩٩ز لە تەمەنی ٦٧ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**
**جێگرەکەی، جان ئادمس(John Adams)**

------------------------------------

**دووهەمین سەرۆک کۆمار، جان ئادمس(John Adams)**



**لە دایکبووی ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٧٣٥ی زایینی**

**کاندیدی؛ فیدرالێست(Federalist) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٧٩٧ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٠١ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٤ی جوولای ١٨٢٦ی زایینی، لە تەمەنی ٩٠ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

جێگرەکەی؛ تامس جیفرسن (Thomas Jefferson)

### سێهەمین سەرۆک کۆمار؛ تامس جیفرسن (Thomas Jefferson)



لە دایکبووی ١٣ی ئەپریلی ١٧٤٣ی زایینی

کاندیدی حیزبی دیموکراتیک - کۆماریخواز (Republican - Democratic) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٠١ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٠٩ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٤ی جوولای ١٨٢٦ی زایینی، لە تەمەنی ٨٣ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

جێگرەکەی؛ ئارۆن برن (Aaron Burr) - جۆرج کلینتۆن(George Clinton[e])

------------------------------------

### چوارەمین سەرۆک کۆمار؛ جیمز مادیسن(James Madison)



لە دایکبووی ١٦ی مارچی ١٧٥١ی زایینی

کاندیدی حیزبی دیموکراتیک - کۆماریخواز (Republican - Democratic) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٠٩ تاکوو ٤ی مارچی ١٨١٧ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢٨ی جوونی ١٨٣٦ی زایینی لە تەمەنی ٨٥ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

جێگرەکەی؛ جۆرج کلینتۆن(George Clinton) - ئالبریج گیری (Elbridge Gerry)

------------------------------------

پێنجەمین سەرۆک کۆمار؛ جێمز مۆنرۆ (James Monroe)



لە دایکبووی ٢٨ی ئەپریلی ١٧٥٨ی زایینی

کاندیدی حیزبی دێموکراتیک - کۆماریخواز (Republican - Democratic) بووە. لە نێوان ٤ی مارچی ١٨١٧ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٢٥ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٤ی جووڵای ١٨٣١ی زایینی لە تەمەنی ٧٣ کۆچی دوایی کردوە.

جێگرەکەی؛ دانیل تامپکێنس (Daniel D. Tompkins)

-------------------------------------

شەشەمین سەرۆک کۆمار؛ جان کوٚئینسی ئادامس (John Quincy Adams)



لە دایکبووی ١١ی جووڵای ١٧٦٧ی زایینی

کاندیدی حیزبی دێموکراتیک - کۆماریخواز (Republican - Democratic) نبووە. لە نێوان ٤ی مارچی ١٨٢٥ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٢٩ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢٣ی فێبریوێری ١٨٤٨ی زایینی لە تەمەنی ٨٠ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

جێگرەکەی؛ جان کاڵهۆم (John C. Calhoun)

-------------------------------------

**حەوتەمین سەرۆک کۆمار؛ ئاندرۆ جەکسن(Andrew Jackson)**



**لە دایکبووی ١٥ی مارچی ١٧٦٧ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دێموکرات (Democratic) بووە. لە نێوان٤ی مارچی ١٨٢٩ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٣٧ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٨ی جوونی ١٨٤٥ی زایینی لە تەمەنی ٧٨ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ جان کاڵهۆم (John C. Calhoun) ١٨٢٩ - مارتین ون بۆرن (Martin Van Buren)**

-------------------------------------

**هەشتەمین سەرۆک کۆمار؛ مارتین ڤان بۆرن(Martin Van Buren)**




**لە دایکبووی ٥ی دێسەمبەری ١٧٨٢ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دێموکرات (Democratic) بووە. لەنێوان٤ی مارچی ١٨٣٧ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٤١ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢٤ی جووڵای ١٨٦٢ی زایینی لە تەمەنی ٧٩ لە ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ ریچارد مەنتۆر جانس (Richard Mentor Johnson)**

-------------------------------------

**نۆهەمین سەرۆک کۆمار؛ ویلیام هینری هریسن(William Henry Harrison)**



**لە دایکبووی ٩ی فێبریوێری ١٧٧٣ی زایینی**


**کاندیدی حیزبی ویگ(Whig) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٤١ تاکوو ٤ی ئەپریلی ١٨٤١ی زایینی واتە یەک مانگ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٤ی ئەپریلی ١٨٤١ی زایینی لە تەمەنی ٦٨ لە ساڵی کۆچی دوایی کردووە.**

**جێگرەکەی؛ جان تایلر (John Tyler)**

**ویلیام هینری هریسن(William Henry Harrison) یەکەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکایە پێش تەواو کردنی ماوەی یاسای خۆی بەهۆی نەخۆشی کۆچی کرد و تەنیا یەک مانگ وەک سەرۆکی ئەمریکا خزمەتی کرد.**

---------------------------------------

**دەهەمین سەرۆک کۆمار؛ جان تایلر (John Tyler)**




**لە دایکبووی ٢٩ی مارچی ١٧٩٠ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی ویگ(Whig) بووە. لەنێوان ٤ی ئەپریلی ١٨٤١ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٤٥ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ١٨ی جانێوێری ١٨٦٢ی زایینی لە تەمەنی ٧١ لە ساڵی کۆچی دوایی کردووە.**

**جێگری نەبووە.**

**یازدەهەمین سەرۆک کۆمار؛ جیمز ناکس پۆلک(James K. Polk)**




**لە دایکبووی ٢ی نۆڤەمبەری ١٧٩٥ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٤٥ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٤٩ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ١٥ی جوونی ١٨٤٩ی زایینی لە تەمەنی ٥٣ کۆچی دوایی کردوە.**

**بێ جێگر سەرکۆمار؛ جۆرج م دالاس(George M. Dallas)**

-------------------------------------

**دوازدەهەمین سەرۆک کۆمار؛ زاگری تیلۆر(Zachary Taylor)**




**لە دایکبووی ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٧٨٤ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی ویگ(Whig) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٤٩ تاکوو ٩ی جوولای ١٨٤٩ی زایینی واتە ١٦ مانگ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٩ی جوولای ١٨٥٠ی زایینی لە تەمەنی ٦٥ لە ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ میلارد فیلمۆر (Millard Fillmore)**

-------------------------------------

**سێزدەهەمین سەرۆک کۆمار؛ میلارد فیلمۆر (Millard Fillmore)**



**لە دایکبووی ٧ی جانێوێری ١٨٠٠ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی ویگ(Whig) بووە. لەنێوان ٩ی جوولای ١٨٥٠ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٥٣ی زایینی واتە سێ ساڵ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ٨ی مارچی ١٨٧٤ی زایینی لە تەمەنی ٧٤ لە ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**
**جێگری نەبووە.**

---

**چواردەهەمین سەرۆک کۆمار؛ فرانکلێن پیرس(Franklin Pierce)**




**لە دایکبووی ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٨٠٤ی زایینی**

**کاندیدی حیزی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٥٣ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٥٧ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ٨ی ئۆکتۆبەری ١٨٦٩ی زایینی لە تەمەنی ٦٤ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**
**جێگرەکەی؛ ویلیام کینگ (William R. King)**

---

**پازدەهەمین سەرۆک کۆمار؛ جێمز بۆکانان(James Buchanan)**



**لە دایکبووی ٢٣ی ئەپریلی ١٧٩١ی زایینی**

**کاندیدی حیزی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٥٧ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٦١ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ١ی جوونی ١٨٦٨ی زایینی لە تەمەنی ٧٧ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ جان برکێنریج (John C. Breckinridge)**

-------------------------------------

**شازدەهەمین سەرۆک کۆمار؛ ئابراهام لێنکن(Abraham Lincoln)**




**لە دایکبووی ١٢ی فێبریوێری ١٨٠٩ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٦١ تاکوو ١٥ی ئەپریلی ١٨٦٥ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ١٥ی ئەپریلی ١٨٦٥ی زایینی لە تەمەنی ٥٦ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ هانیبال هەملێن (Hannibal Hamlin)**

-------------------------------------

### حەفدەهەمین سەرۆک کۆمار؛ ئاندرۆ جانسن(Andrew Johnson)



لە دایکبووی ٢٩ی دێسەمبەری ١٨٠٨ی زایینی

کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ١٥ی ئەپریلی ١٨٦٥ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٦٩ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ٣١ی جوولای ١٨٧٥ی زایینی لە تەمەنی ٦٦ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.
بێ جێگر بووە.

-------------------------------------

### هەژدەهەمین سەرۆک کۆمار؛ ئۆلیس سیمون گرانت(Ulysses S. Grant)




لە دایکبووی ٢٧ ئەپریلی ١٨٢٢ی زایینی

کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٦٩ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٧٧ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ٢٣ی جوولای ١٨٨٥ی زایینی لە تەمەنی ٦٣ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.
جێگرەکەی؛ شایلر کۆلفاکس(Schuyler Colfax)- هنری ویلسن (Henry Wilson)

-------------------------------------

**نۆزدەهەمین سەرۆک کۆمار؛ رۆترفۆرد بیرچادرهایس(Rutherford B. Hayes)**




**لە دایکبووی ٤ی ئۆکتۆبەری ١٨٢٢ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٧٧ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٨١ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ١٧ی جانێوێری ١٨٩٣ی زایینی لە تەمەنی ٧٠ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ ویلیا. ویلر (William A. Wheeler)**

---

**بیستەمین سەرۆک کۆمار؛ جێمز ئابرام کارفێلد(James A. Garfield)**




**لە دایکبووی ١٩ی نۆڤەمبەری ١٨٣١ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٨١ تاکوو ١٩ی سێپتەمبەری ١٨٨١ی زایینی واتە ٥ مانگ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ١٩ی سێپتەمبەری ١٨٨١ی زایینی لە تەمەنی ٤٩ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ چستر ئالن ئارتۆر (Chester A. Arthur)**

---

بیست و یەکەمین سەرۆک کۆمار؛ چستر ئالن ئارتۆر (Chester A. Arthur)




لە دایکبووی ٥ی ئۆکتۆبەری ١٨٢٩ی زایینی

کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ١٩ی سێپتەمبەری ١٨٨١ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٨٥ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ١٨ی نۆڤەمبەری ١٨٨٦ی زایینی لە تەمەنی ٥٧ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

بێ جێگر بووە.

-------------------------------------

بیست و دووهەمین سەرۆک کۆمار؛ ستیفن گراۆر کلیولند(Grover Cleveland)




لە دایکبووی ١٨ی مارچی ١٨٣٧ی زایینی

کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٨٥ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٨٩ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢٤ی جوونی ١٩٠٨ی زایینی لە تەمەنی ٧١ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

جێگرەکەی؛ تامس هندریکس (Thomas A. Hendricks I)

-----------------------------------

**بیست و سێهەم سەرۆک کۆمار؛ بنیامین هریسون(Benjamin Harrison)**




**لە دایکبووی ٢٠ی ئاگۆستی ١٨٣٣ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٨٩ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٩٣ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ١٣ی مارچی ١٩٠١ی زایینی لە تەمەنی ٦٧ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ لێوی مۆرتۆن (Levi P. Morton)**

---------------------------------------

**بیست و چوارەمین سەرۆک کۆمار؛ ستیفن گراوێر کلیولند(Stephen Grover Cleveland)**




**لە دایکبووی ١٨ی مارچی ١٨٣٧ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دیموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٩٣ تاکوو ٤ی مارچی ١٨٩٧ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢٤ی جوونی ١٩٠٨ی زایینی لە تەمەنی ٧١ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ ئادلای ستیونسن (Adlai Stevenson I)**

---------------------------------------

**بیست و پێنجەمین سەرۆک کۆمار؛ ویلیام مک کینلی(William McKinley)**




**لە دایکبووی ٢٩ی جانێوێری ١٨٤٣ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٨٩٧ تاکوو ١٤ی سێپتەمبەری ١٩٠١ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ١٤ی سێپتەمبەری ١٩٠١ی زایینی لە تەمەنی ٥٨ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ گرت هۆبارت (Garret Hobart - تئودۆر رۆزولت (Theodore Roosevelt)**

---------------------------------------

**بیست و شەشەمین سەرۆک کۆمار؛ تئۆدرۆ رۆزولت(Theodore Roosevelt)**



**لە دایکبووی ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٨٥٨ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان١٤ی سێپتەمبەری ١٩٠١ تاکوو ٤ی مارچی ١٩٠٩ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٦ی جانێوێری ١٩١٩ی زایینی لە تەمەنی ٦٠ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ چاڵرز فیربنکس (Charles W. Fairbanks)**

------------------------------------

**بیست و حەوتەمین سەرۆک کۆمار؛ ویلیام هووارد تافت(William Howard Taft)**



**لە دایکبووی ١٥ی سێپتەمبەری ١٨٥٧ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٩٠٩ تاکوو ٤ی مارچی ١٩١٣ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٨ی مارچی ١٩٣٠ی زایینی لە تەمەنی ٧٢ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ جیمز شرمن (James S. Sherman)**

---------------------------------------

**بیست و هەشتەمین سەرۆک کۆمار؛ تامس وودرۆ ویلسن(Thomas Woodrow Wilson)**




**لە دایکبووی ٢٨ی دێسەمبەری ١٨٥٦ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان٤ی مارچی ١٩١٣ تاکوو ٤ی مارچی ١٩٢١ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٣ی فێبریوێری ١٩٢٤ی زایینی لە تەمەنی ٦٧ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ تامس مارشاڵ (Thomas R. Marshall)**

---------------------------------------

**بیست و نۆهەمین سەرۆک کۆمار؛ وارن هاردینگ (Warren G. Harding)**



**لە دایکبووی ٢ی نۆڤەمبەری ١٨٦٥ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٩٢١ تاکوو ٢ی ئاگۆستی ١٩٢٣ی زایینی واتە سێ ساڵ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢ی ئاگۆستی ١٩٢٣ی زایینی لە تەمەنی ٥٧ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ کالوین کۆلیج (Calvin Coolidge)**

-----------------------------------------

**سیهەمین سەرۆک کۆمار؛ کالوین کۆلیج(Calvin Coolidge)**




**لە دایکبووی ٤ی جوولای ١٨٧٢ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٢ی ئاگۆستی ١٩٢٣ تاکوو ٤ی مارچی ١٩٢٩ی زایینی واتە ٦ ساڵ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٥ی جانێوێری ١٩٣٣ی زایینی لە تەمەنی ٦٠ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ چارلز دیویس (Charles G. Dawes)**

-----------------------------------------

**سی و یەکەمین سەرۆک کۆمار؛ هەربرت هۆور(Herbert Hoover)**




**لە دایکبووی ١٠ی ئاگۆستی ١٨٧٤ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٩٢٩ تاکوو ٤ی مارچی ١٩٣٣ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٤ی زایینی لە تەمەنی ٩٠ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**
**جێگرەکەی؛ چارلز کۆرتیس (Charles Curtis)**

-------------------------------------

**سی و دووهەمین سەرۆک کۆمار؛ فرانکلین دلانۆ رۆزوێلت(Franklin D. Roosevelt)**




**لە دایکبووی ٣٠ی جانێوێری ١٨٨٢ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٤ی مارچی ١٩٣٣ تاکوو ١٢ی ئەپریلی ١٩٤٥ی زایینی یەکەم سەرۆکی ئەمریکایە سێ خول واتە ١٢ ساڵ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ١٢ی ئەپریلی ١٩٤٥ی زایینی لە تەمەنی ٦٣ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**
**جێگرەکەی؛ جان نانس گارنر(John Nance Garner) - هینری والاس (Henry Wallace) هیری ترومن (Harry Truman)**

-------------------------------------

سی و سێهەمین هاری ئەس ترۆمن(Harry S. Truman)



لە دایکبووی ٨ی مای ١٨٨٤ی زایینی

کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ١٢ی ئەپریلی ١٩٤٥ تاکوو ٢٠ی جانێوێری ١٩٥٣ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢٦ی دێسەمبەری ١٩٧٢ی زایینی لە تەمەنی ٨٨ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

جێگرەکەی؛ ١٩٤٥ تا ١٩٤٩ بێ جێگر - ١٩٤٩ تا ١٩٥٣ ئاڵبن دابلیوو. بارکلی (Alben W. Barkley)

سی و چوارەمین سەرۆک کۆمار؛ دۆایت ئایزنهاوێر(Dwight D. Eisenhower)



لە دایکبووی ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٨٩٠ی زایینی

کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٢٠ی جانێوێری ١٩٥٣ تاکوو ٢٠ی جانێوێری ١٩٦١ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢٨ی مارچی ١٩٦٩ی زایینی لە تەمەنی ٧٨ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

جێگرەکەی؛ ریچارد نێکسۆن (Richard Nixon)

-------------------------------------

**سی و پێنجەمین سەرۆک کۆمار؛ جان نیف کەنەدی(John F. Kennedy)**



**لە دایکبووی ٢٩ی مای ١٩١٧ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە.لەنێوان ٢٠ی جانێوێری ١٩٦١ تاکوو ٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣ی زایینی واتە دوو ساڵ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣ی زایینی لە تەمەنی ٤٥ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ لێندون بنیر جانسن (Lyndon B. Johnson)**

-------------------------------------

**سی و شەشەمین سەرۆک کۆمار؛ لێندون بنیر جانسن (Lyndon B. Johnson)**




**لە دایکبووی ٢٧ی ئاگۆستی ١٩٠٨ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣ تاکوو ٢٠ی جانێوێری ١٩٦٩ی زایینی واتە شەش ساڵ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٢٢ی جانێوێری ١٩٧٣ی زایینی لە تەمەنی ٦٤ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**٢ ساڵ بێ جێگر (١٩٦٣ - ١٩٦٥) جێگر سەرکۆمار؛ هۆبرت هامفری (١٩٦٥ - ١٩٦٩) (Hubert Humphrey)**

-------------------------------------

**سی و حەوتەمین سەرۆک کۆمار؛ ریچارد نێکسۆن(Richard Nixon)**



**لە دایکبووی ٩ی جانێوێری ١٩١٣ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٢٠ی جانێوێری ١٩٦٩ تاکوو ٩ی ئاگۆستی ١٩٧٤ی زایینی واتە ٥ ساڵ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ٢٢ی ئەپریلی ١٩٩٤ی زایینی لە تەمەنی ٨١ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ سپیرۆ ئەنگنیو. (Spiro Agnew)**

--------------------------------------

**سی و هەشتەمین سەرۆک کۆمار؛ جرالد فۆرد(Gerald Ford)**



**لە دایکبووی ١٤ی جوولای ١٩١٣ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٩ی ئاگوستی ١٩٧٤ تاکوو ٢٠ی جانێوێری ١٩٧٧ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەرێوە بردووە. لە ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٦ی زایینی لە تەمەنی ٩٣ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ نلسون راکفلر (Nelson Rockefeller)**

--------------------------------------

**سی و نۆهەمین سەرۆک کۆمار؛ جیمی کارتیر(Jimmy Carter)**



**لە دایکبووی ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٤ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دیموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٢٠ی جانیۆێری ١٩٧٧ تاکوو ٢٠ی جانیۆێری ١٩٨١ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. ئێستا لە ژیاندا ماوە. تەمەنی ٩٦ ساڵە.**

**جێگرەکەی؛ والتر مۆلدین (Walter Mondale)**

--------------------------------------

**چلەمین سەرۆک کۆمار؛ رۆناڵد ویلسن ریگان(Ronald Reagan)**




**لە دایکبووی ٦ی فێبریوێری ١٩١١ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٢٠ی جانیۆێری ١٩٨١ تاکوو ٢٠ی جانیۆێری ١٩٨٩ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٥ی جوونی ٢٠٠٤ی زایینی لە تەمەنی ٩٣ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ جۆرج هربرت واکر بۆش (George H. W. Bush)**

--------------------------------------

**چل و یەکەمین سەرۆک کۆمار؛ جۆرج هربرت واکربۆش(George H. W. Bush)**



**لە دایکبووی ١٢ی جوونی ١٩٢٤ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٢٠ی جانێوێری ١٩٨٩ تاکوو ٢٠ی جانێوێری ١٩٩٣ی زایینی واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. لە ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨ی زایینی لە تەمەنی ٩٤ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.**

**جێگرەکەی؛ دن کۆێل (Dan Quayle)**

---------------------------------------

**چل و دووهەمین سەرۆک کۆمار؛ بیل کلێنتۆن(Bill Clinton)**



**لە دایکبووی ١٩ی ئاگۆستی ١٩٤٦ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٢٠ی جانێوێری ١٩٩٣ تاکوو ٢٠ی جانێوێری ٢٠٠١ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. ئێستا لە ژیاندا ماوە تەمەنی ٧٤ ساڵە**

**جێگرەکەی؛ ئاڵ گور (Al Gore)**

---------------------------------------

**چل و سێهەمین سەرۆک کۆمار؛ جۆرج واکر بۆش(George W. Bush)**



**لە دایکبووی ٦ی جوولای ١٩٤٦ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٢٠ی جانێوێری ٢٠٠١ تاکوو ٢٠ی جانێوێری ٢٠٠٩ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. ئێستا لە ژیاندا ماوە تەمەنی ٧٤ ساڵە**

**جێگرەکەی؛ دیک چەینی (Dick Cheney)**

--------------------------------------

**چل و چوارەمین سەرۆک کۆمار؛ باراک ئۆباما(Barack Obama)**



**لە دایکبووی ٤ی ئاگۆستی ١٩٦١ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی دێموکرات(Democratic) بووە. لەنێوان ٢٠ی جانێوێری ٢٠٠٩ تاکوو ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٧ی زایینی واتە دوو خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. یەکەم سەرۆک کۆماری ڕەش پێستە لە مێژووی ئەمریکا دا. ئێستا لە ژیاندا ماوە تەمەنی ٥٦ ساڵە.**

**جێگرەکەی؛ جۆزف بایدن (Joe Biden)**

--------------------------------------

**چل و پێنجەمین سەرۆک کۆمار؛ دۆناڵد جۆن ترامپ(Donald John Trump)**



**لە دایکبووی ١٤ی جوونی ١٩٤٦ی زایینی**

**کاندیدی حیزبی کۆماریخواز(Republican) بووە. لەنێوان ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٧ تاکوو ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢٠ واتە یەک خول سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بەڕێوە بردووە. ئێستا لە ژیاندا ماوە تەمەنی ٧٤ ساڵە.**

**جێگرەکەی؛ مایک پێنس (Mike Pence)**

--------------------------------------

**چل و شەشەمین سەرۆک کۆمار؛ جۆو بایدن (Joe Biden)**



**لە دایکبووی ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٤٢ی زایینی**

**کاندیدی؛ حیزبی دێموکرات(Democratic). لە٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١ی زایینی بە فەرمی دوای سوێند خواردن سەرۆکایەتی وڵاتەکەی دەکا. ئێستا تەمەنی ٧٧ ساڵە و بەتەمەنترین سەرۆکە لە مێژووی ئەمریکادا.**

**جێگرەکەی؛ کاملا هاریس(Kamala Harris) یەکەم جێگری ژن و یەکەمین ژنی رەش پێستە لەمێژووی هەڵبژاردەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا.**

--------------------------------------

## حیزبی دیموکرات(Democratic Party)

حیزبی دیموکراتی(Democratic Party) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. یەکێک لە دوو حیزبی گەورەی لە حیزبەکانی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووە هاوشان لەگەڵ حیزبی کۆماریخوازەکان ویلایەتەکانی ئەمریکایە،

حیزبی دیموکراتی ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٢٨ی زایینی ١٩٢ ساڵ پێش ئێستا دامەزراوە و کۆنترین حیزبی چالاکە لە جیهان دا.

١٨ سەرۆک کۆمای هەڵبژێردراوی ئەمریکا ئەندامی حیزبی دیموکرات بوون. یەکەمین سەرۆک کۆمار لەم حیزبە ئاندرۆ جەکسن(Andrew Jackson) لە (١٨٢٩ تاکوو ١٨٣٧)ی زایینی و سەرۆک کۆمار جۆو بایدن (Joe Biden) سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ٢٠٢٠ی زایینی ئەم حیزبەیە.

### یەک خول سەرۆکایەتی دیموکراتەکان(Democratic):

١- مارتین ڤان بۆرن(Martin Van Buren) هەشتەمین سەرۆک کۆمار.

٢- جیمز ناکس پۆلک(James K. Polk) یازدەهەمین سەرۆک کۆمار.

٣- فرانکلێن پیرس(Franklin Pierce) چواردەهەمین سەرۆک کۆمار.

٤- جێمز بۆکانان(James Buchanan) پازدەهەمین سەرۆک کۆمار.

٥- ئاندرۆ جانسن(Andrew Johnson) حەفدەهەمین سەرۆک کۆمار.

٦- ستیفن گراۆر کلیولند(Grover Cleveland) بیست و دووهەمین سەرۆک کۆمار.

٧- ستیفن گراۆر کلیولند(Stephen Grover Cleveland) بیست و چوارەمین سەرۆک کۆمار.

٨- جان ئیف کەنەدی(John F. Kennedy) سی و پێنجەمین سەرۆک کۆمار.

٩- لیندون بنیر جانسن (Lyndon B. Johnson) سی و شەشەمین سەرۆک کۆمار.

١٠- جیمی کارتیر(Jimmy Carter) سی و نۆهەمین سەرۆک کۆمار.

## دوو خول سەرۆکایەتی دیموکراتەکان(Democratic):

١١- ئاندرۆ جەکسن(Andrew Jackson) حەوتەمین سەرۆک کۆمار.

١٢- تامس وودرۆ ویلسن(Thomas Woodrow Wilson) بیست و هەشتەمین سەرۆک کۆمار.

١٣- فرانکلین دلانۆ رۆزوڵت(Franklin D. Roosevelt) سی و دووهەمین سەرۆک کۆمار.

١٤- هاری ئەس ترۆمن(Harry S. Truman) سی و سیهەمین سەرۆک کۆمار.

١٥- لیندون بنیر جانسن (Lyndon B. Johnson) سی و شەشەمین سەرۆک کۆمار.


١٦- بیل کلینتۆن(Bill Clinton) چل و دووهەمین سەرۆک کۆمار.

١٧- باراک ئۆباما(Barack Obama) چل و چوارەمین سەرۆک کۆمار.

١٨- جۆو بایدن (Joe Biden) چل و شەشەمین سەرۆک کۆمار.

------------------------------------------------------------

## حیزبی کۆماریخواز (Republican Party)



حیزبی کۆماریخوازی ویلایەتە یەکگرتووی ئەمریکا(Republican Party U.S) هەروەها ناسراو بە جێ ئۆ پێ(GOP) یان حیزب گەورە و کۆن(Grand Old Party)ە یەکێک لەو دوو حیزبە گەورە ئەم وڵاتە کە لەگەڵ حیزبی دیموکرات ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا حوکمرانی ئەو وڵاتە دەکەن. ئەو حیزبە لەساڵی ١٨٥٤ لە لایەن چالاکانی دژە کویلەتی لە ئەمرئکا دامەزراوە. ١٩ سەرۆک کۆمای هەڵبژێردراوی ئەمریکا ئەندامی حیزبی کۆماریخواز بوون. ئیبراهام لینکلین(Abraham Lincoln) لە نیوان( ١٨٦١ تاکوو ١٨٦٥)ی زایینی یەکەمین سەرۆک کۆمار لەم حیزبە و دۆناڵد ترامپ؛ (Donald Trump) دوایین سەرۆک کۆماری ئەم حیزبە بوو.

## یەک خول سەرۆکایەتی کۆماریخوازەکان(Republican)

١- ئابراهام لێنکن(Abraham Lincoln) شازدەهەمین سەرۆک کۆمار.

٢- رۆترفۆرد بیرچادرهایس(Rutherford B. Hayes) نۆزدەهەمین سەرۆک کۆمار.

٣- جێمز ئابرام کارفێلد(James A. Garfield) بیستەمین سەرۆک کۆمار.

٤- چستر ئالن ئارتۆر (Chester A. Arthur) بیست و یەکەمین سەرۆک کۆمار.

٥- بنجامین هریسون(Benjamin Harrison) بیست و سێهەم سەرۆک کۆمار.

٦- ویلیام مک کینلی(William McKinley) بیست و پێنجەمین سەرۆک کۆمار.

٧- ویلیام هووارد تافت(William Howard Taft) بیست و حەوتەمین سەرۆک کۆمار.

٨- وارن هاردینگ (Warren G. Harding) سێ ساڵ بیست و نۆهەمین سەرۆک کۆمار.

٩- کالوین کۆلیج(Calvin Coolidge) شەشە ساڵ سیهەمین سەرۆک کۆمار.

١٠- هەربرت هۆور(Herbert Hoover) سی و یەکەمین سەرۆک کۆمار؛

١١- ریچارد نێکسۆن(Richard Nixon) سی و حەوتەمین سەرۆک کۆمار؛

١٢- جرالد فۆرد(Gerald Ford)؛ سی و هەشتەمین سەرۆک کۆمار.

١٣- جۆرج هربرت واکربۆش(George H. W. Bush)چل و یەکەمین سەرۆک کۆمار.

١٤- دۆناڵد جۆن ترامپ؛(Donald John Trump) چل و پێنجەمین سەرۆک کۆمار.

## دوو خول سەرۆکایەتی کۆماریخوازەکان(Republican)

١٥- ئۆلیس سیمون گرانت(Ulysses S. Grant)؛ هەژدەهەمین سەرۆک کۆمار.

١٦- تئۆدرۆ رۆزولت(Theodore Roosevelt)؛ بیست و شەشەمین سەرۆک کۆمار.

١٧- دۆایت ئایزنهاۆر(Dwight D. Eisenhower)؛ سی و چوارەمین سەرۆک کۆمار.

١٨- رۆنالد ویلسن ریگان(Ronald Reagan)؛ چلەمین سەرۆک کۆمار.

١٩- جۆرج واکر بۆش(George W. Bush)؛ چل و سێهەمین سەرۆک کۆمار.

------------------------------------

## ئەم سەرۆکانە تەنیا یەک خول حوکمرانی کردوە:

١- جان ئادمس(John Adams)؛ دووهەمین سەرۆک کۆمار. (فیدرالیست(Federalist)

٢- جان کۆئینسی ئادامس (John Quincy Adams)؛ شەشەمین سەرۆک کۆمار. (حیزبی دیموکراتیک - کۆماریخواز (Republican - Democratic).

٤- ویلیام هینری هریسن(William Henry Harrison)؛ نۆهەمین سەرۆک کۆمار. یەک مانگ ویگ(Whig)

٥- جان تایلر (John Tyler)؛ دەهەمین سەرۆک کۆمار؛ حیزبی ویگ(Whig)

٧- زاگری تیلۆر(Zachary Taylor)؛ دوازدەهەمین سەرۆک کۆمار. ١٦ مانگ حیزبی ویگ(Whig)

٨- میلارد فیلمۆر (Millard Fillmore)؛ ٣سێ ساڵ سێزدەهەمین سەرۆک کۆمار. حیزبی ویگ(Whig)

## ئەم سەرۆکانە دوو خول حوکمرانی کردوە:

١- جۆرج واشینگتون - (George Washington)؛ یەکەمین سەرۆک کۆمار. سەربەخۆ و بێ حیزب(Unaffiliated)

٢- تامس جیفرسن (Thomas Jefferson) سێهەمین سەرۆک کۆمار؛ حیزبی دیموکراتیک - کۆماریخواز (Democratic - Republican)


٣- جیمز مادیسن(James Madison)؛ چوارەمین سەرۆک کۆمار؛ حیزبی دیموکراتیک - کۆماریخواز (Democratic - Republican)

٤- جێمز مۆنرۆ (James Monroe)؛ پێنجەمین سەرۆک کۆمار. حیزبی دیموکراتیک - کۆماریخواز (Democratic - Republican)

---------------------------------------------

**ئەم چوار سەرۆکی ئەمەریکا لە مێژووی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە بەهۆی نەخۆشی کۆچیان کردوە؛**


**ویلیام هێنری هاریسن (William Henry Harrison)**



**ویلیام هێنری هاریسن؛ نۆیەمین سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٨٤١ز) لە حیزبی ویگ(Whig)بوو. لە ٤ی ئەپریلی ١٨٤١ز لە تەمەنی ٦٨ ساڵی بەهۆی هەوکردنی سییەکان، کۆچی دوایی کردوە.**

---------------------------------------------------


**زاکاری تەیلەر (Zachary Taylor)**



**زاکاری تایلۆر؛ دووازدەهەمین سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە حیزبی ویگ(Whig)بوو. لە ٩ی جوولای ١٨٥٠ی زایینی لە تەمەنی ٦٥ ساڵی بەهۆی هەوکردنی گەدە، کۆچی دوایی کردوە.**

---------------------------------------------------------------


### وارن هاردینگ (Warren G. Harding)



وارن هاردینگ؛ بیست و نۆهەمین سەرۆک کۆمار؛ سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە حیزبی کۆماریخواز(Republican) بوو. لە ٢ی ئاگۆستی ١٩٢٣ز لە تەمەنی ٥٧ ساڵی بەهۆی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردوە.

------------------------------------------------------------

### فرانکلین دلانۆ رۆزوڵت (Franklin D. Roosevelt)




فرانکلین رۆزڤێلت؛ سی و دووهەمین سەرۆک کۆمار ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە حیزبی دێموکرات(Democratic) بوو. لە ١٢ی ئەپریلی ١٩٤٥ی زایینی لە تەمەنی ٦٣ ساڵی بەهۆی خوێنبەربوونی مێشک کۆچی دوایی کردوە.

---------------------------------------------------------

ئەم چوار سەرۆکی ئەمەریکا لە مێژووی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە تیرۆر کراون:


**ئەبراهام لینکۆڵن(Abraham Lincoln)**



ئەبراهام لینکۆڵن شازدەهەمین(١٦) سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە **حیزبی کۆماریخواز(Republican)**.
لە لایەن ئەکتەرێکی شانۆ بەناوی جان وێلکس بۆس (John Wilkes Booth) لە ڕێکەوتی ١٥ی ئەپریلی ١٨٦٥ی زایینی تەقەی لێکرا و تیرۆر کرا. ناوبراو کاتی مەرگی تەمەنی ٥٦ ساڵ بوو.

----------------------------------------------------------


**جەیمس ئەبراهام گارفێڵد(James Abram Garfield)**



جەیمس گارفێڵد بیستەمین(٢٠) سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە **حیزبی کۆماریخواز(Republican)**. لەلایەن نووسەر و پاریزەریک بەناوی(Charles J. Guiteau) لە ڕێکەوتی ٢ی جوولای ١٨٨١ی زایینی وێستگەی شەمەندەفەری شاری واشینگتۆن تەقەی لێکرا بە توندی بریندار بوو. بەهۆی خوینرێژ لە ڕێکەوتی ١٩ی سێپتەمبەری ١٨٨١ی زایینی لە تەمەنی ٤٩ ساڵی کۆچی کردوە.

--------------------------------------------------

### ویلیام مککینلی (William Mckinley)



**ویلیام ماکینلی بیست و پێنجەمین(٢٥) سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە حیزبی کۆماریخواز(Republican). لە ڕێکەوتی ٦ی سێپتەمبەری ١٩٠١ی زایینی لەلایەن ئەما گۆڵدمن(Emma Goldman) چالاکی سیاسی، نووسەری ئەنارکیزم (anarchist) تەقەی لێکرا، دواتر لە ڕێکەوتی ١٤ی سێپتەمبەری ١٩٠١ی زایینی لە تەمەنی ٥٨ ساڵی کۆچی کردووە.**

-----------------------------------------------------------

### جان ئێف. کێنیدی(John F. Kennedy)



**جان ئێف. کێنیدی سی و پێنجەمین(٣٥) سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لەحیزبی دێموکرات(Democratic) لەحیزبی دێموکرات. تەمەن ٤٣ ساڵە کەم تەمەنترین سەرۆک کۆمار. لە ٢٢ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٣ لەتەمەنی ٤٦ ساڵیدا کە بەسەردانێکی ڕەسمی لە شاری دالاس بووە بەفیشەک تیرۆر کراوە.**

-----------------------------------------------------

## بەربژێرانی ژن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی و جێگری سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان

بەدرێژایی زیاتر لە ٢٣٠ ساڵەی مێژووی سیاسی ئەمریکا تاوەکو ئێستا ٢٣ ژن خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بەربژێر کردووە: بەڵام هیچکامیان بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتوون.

### یەکەم ژن لە ساڵی ١٨٧٢


**ڤیکتۆریا ودهۆڵ** (Victoria Woodhull)



ڤیکتۆریا لەدایکبووی ٢٣ی سێپتەمبەری ١٨٣٨ی زایینی، یەکەم ئافرەت بوو لە ساڵی ١٨٧٢ خۆی بۆ پۆستی هەژدەهەمین سەرۆکی ئەمەریکا کاندید کرد. ڤیکتۆریا بە رەچەڵەک سکۆتلاندی بوو و سەرۆکی بزووتنەوەی مافی ژنانی ئەمەریکا بوو. ناوبراو لە ٩ی جوونی ١٩٢٧ لە تەمەنی ٨٩ ساڵی کۆچی کردوە

---------------------------

## هیلاری رۆدهام کلینتۆن(Hillary Rodham Clinton)



هیلاری کلینتۆن ژنە سیاسەتمەدار ئەمریکایی لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لە ویلایەتی شیکاگۆ لە ئەمریکا لەدایک بووە، ناوبراو لەساڵانی ٢٠٠١ تاوەکوو ساڵی ٢٠٠٩ سیناتۆری ویلایەتی نیۆیۆرک بووە و هەروەها هیلاری کلینتۆن خێزانی بیل کلینتۆن(Bill Clinton) چل و دووهەمین سەرۆکی ئەمریکا بووە،

هیلاری کلینتۆن شەشەوحەوتەمین(٦٧)وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە کەلە(٢١ی جانێویری ٢٠٠٩ تا ١ی فێبریویری ٢٠١٣) لە کابینەکەی باراک ئۆباما(Barack Obama)خزمەتی کردوە،

هیلاری کلینتۆن، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا، یەکەم ئافرەت بوو کە لەلایەن حیزبی دیموکرات(Democratic Party) بۆ چل و پێنجەمین(٤٥) پۆستی سەرۆکایەتی وڵاتەیەکگرتووکانی ئەمەریکا ٢٠١٦ کاندید بکرێت، بەڵام لە بەشێوەیەکی چاوەروان نەکراوە بەرامبەر دۆناڵد ترەمپ(Donald Trump)، کاندیدی کۆماریخوازەکان لە ساڵی ٢٠١٦، شکستی هێنا.

هیلاری کلینتۆن، ئێستا لە ژیان ماوەوە و تەمەنی ٧٣ی ساڵە.

------------------------------------------------------

١١ ژن بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەمریکا خۆیان بەربژێر کردووە.

یەکێک لە دیارترین ژنانی ئەمریکا کە خۆی بۆ ئەو پۆستە بەربژێرکرد، بە ئامانجی خۆی نەگەیشت.

سارا لونیز هیث پیلین (Sarah Louise Heath Palin)



لە دایکبووی ١١ی فێبریۆیری ١٩٥٤ی زایینی لە سەندپۆینت ئایداهۆ(Sandpoint, Idaho, U.S)، سیاسەتمەدار و نووسەری ئەمریکایی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی تا کاتی دەست لەکار کشانەوە لەساڵی ٢٠٠٩ی زایینی حاکمی ویلایەتی ئالاسکا بوو (governor of Alaska) بەڕێوە برد. ئەوە وەک بربژێری کۆماریخوازان(Republican) بۆ جێگری سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوشان لەگەڵ جان مەککەین(John McCain) سەناتۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاریزۆنا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی رەکابەری کرد، سارا پالین یەکەمین ئالاسکایی و یەکەمین ژنی کۆماریخوازە کە هەڵبژاردەکانی سەرۆکایەتی بۆ بەدەست هێنانی جێگری سەرۆک کۆمار هەولی دا.

---------------------------------------

**یەکەم بەربژێری سەرکەوتوو بۆ پۆستی جێگری سەرۆک**

**کامڵا دێڤی هاریس (Kamala Devi Harris)**



لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٤ی زایینی لە (ئۆکلند، کالیفۆرنیا، ئەمریکا - Oakland, California, U.S) لەدایک بووە.

ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکایە و نوێنەرایەتی ویلایەتی کالیفۆرنیا دەکات. بەرلەوەی ئەم پۆستەش وەرگرێت، ئەو داواکاری گشتی ویلایەتەکە بووە لەنێوان ساڵانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٧.

٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی کاماڵا هێرس بە فەرمی کاندیدکردنی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەلایەن دیموکراتەکانەوە لە سێیەم ڕۆژی کۆنگرەی دیموکراتەکاندا، پەسەندکرد، بەمەش بووە یەکەم ژنی ئەمەریکایی بە ڕەچەڵەک هندی و جامایکایی بۆ ئەم پۆستە باڵایە کاندید بکرێت.

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی کاملا دیڤی هریس لە هەڵبژاردنێکی مێژووی دا وەک جێگری سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا. ناوبراو لە ٢٠ی جانێویری ٢٠٢١ی زایینی دەست بەکار دەکا. ئەو یەکەمین جێگری سەرۆک کۆماری ژن و یەکەمین جێگری سەرۆک کۆمار ڕەش پێستە کە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوودەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئینسایکلۆپیدیای ئینگلیزی

---------------------------------------------

## کۆشکی سپی(White House)



* کۆشکی سپی(White House) لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٧٩٢ی زایینی ٢٢٨ ساڵ پێش ئێستا دەست بەدروستکردنی کراوەو و لە ١ی نۆڤەمبەری ١٨٠٠ی زایینی ٢٢٠ ساڵ پێش ئێستا تەواو کراوە و تاکوو ماوەی ٧٠ ساڵ گەورەترین کۆشکی ئەمریکا بووە.

❊ كۆشكی سپی ئەندازیارێكی ئیرلەندیە(Irish architect) بەناوی جیمز هۆبان(James Hoban) دروست كراوە.

❊ لەساڵی ١٨١٢ی زایینی كە شەڕی نێوان ئەمریكاو بەریتانیاوە دا دەستی پێكردووە. لە ساڵی ١٨١٤ دا لەلایەن سەربازانی بەریتانیاوە كۆشكەكە سوتێندراوە.

❊ كۆشكی سپی تا ساڵی ١٩٠١ی زایینی ناوی كۆشكی سەرۆكایەتی بووە بەڵام لەدوای سەرۆكایەتی سیودور روزفڵت (Theodore Roosevelt) بیست و شەشەمین سەرۆک لەساڵی (١٩٠١ بۆ ١٩٠٩ز) ناوەكەی گۆڕا بۆ كۆشكی سپی.

❊ لە ساڵی ١٧٩٧ی زایینی جۆن ئەدمز(John Adams)، دووەم سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا یەكەم سەرۆک بووە كە لەكۆشكی سپیدا ژیاوە.

❊ لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی كۆشكی سپی لە سەردەمی سەرۆک هاری ترومان‌دا (Harry S. Truman) سی و سێهەمین سەرۆک بە بڕی ٥٤ ملیۆن دۆلار تێچوو. نۆژەن كراوەتەوە.
❊ لە ساڵی ١٨١٤ی زایینی دا لەلایەن سەربازانی بەریتانیاوە كۆشكەكە سوتێندراوە بەهۆی شەڕی نێوان ئەمریكاو بەریتانیاوە كە لەساڵی ١٨١٢دا دەستی پێكردووە.

❊ لە ئۆكتوبەری ١٨١٧ی زایینی پێنجەمین سەرۆک كۆمار جیمز مۆنرۆ (James Monroe) كە تەنیا بەشێكی نۆژەن كردبووە نیشتەجی بووە.

❊ ئەمڕۆ كۆشكی سپی(White House) واتە شوێنی دانیشتنی سەرۆک كۆماری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە، كە لە شاری واشینگتۆن دی سی(Washington, D.C) ئەو وڵاتە دایە.

❊ كۆشكەكە بەسەر بەشی ڕۆژهەڵات(East Wing) و ڕۆژئاوا(West Wing)دا دابەش دەبێت و شوێنی حەوانەی سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا دەكەوێتە بەشی ڕۆژئاوا و شوێنی حەوانەوەی خانمی یەكەمی ئەمریكا دەكەوێتە بەشی ڕۆژهەڵات.

❊ بەشی ڕۆژئاوا (West Wing) شوێنی كاری سەرۆک كۆمار و ژووری بەڕێوەبەرانی پلە باڵا و ٥٠ ژووری بۆ كارگێران و هەروەها ژووری كابینەی دەوڵەت كە بۆ كۆبۆنەوەكانی سەرۆک كۆمار لەگەڵ كابینە دەوڵەت بەڕێوە دەچن


* بەشی ڕۆژهەڵات(East Wing) ژووری ڕۆژهەڵات لە قاتی یەکەم گەورترین ژوورە لە شوێنی مانەوەی سەرۆک کۆمار ئەمریکا و شوێنی بەڕێوەچوونی ڕووداوە فەرمی کۆشکی سپین. هەروەها ژوورێکی دیکەیە کە ساڵی ١٩٤٢ بە کۆشکی سپی زیاد کراوە. لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەم جار بۆتە شوێنی کارگێرانی خانمی یەکەم(first lady) سەرۆک کۆماری ئەمریکا ڕۆزالین کارتیر(Rosalynn Carter) لەم کاتەوە تا ئێستا بە فەرمی بۆتە شوێنی حەوانەوەی خانمی یەکەم(first lady)لە کۆشکی سپی. بەشی ڕۆژهەڵات لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی شوێنێکی بۆ خۆشاردنەوە، بینایەک لە ژێرزەوی بۆ شاردنەوە و بۆ کاتی بەپەلە ساز کراوە. ئەم ژێرزەوەیە ناوەندی عەمەلیاتی بەپەلە بۆ سەرۆک کۆماری ناوی دەرکردوە.( Presidential Emergency Operations Center)

* باڵەخانەی کۆشکە شەش قاتی هەیە. ژێر بینای ئەم کۆشکە ٥١٠٠ مەترە. ئەم کۆشکە ١٣٢ ژوور(rooms)، ٣٥ دەستشورو گەرماو (bathrooms)، ٤١٢ دەرگا(doors)، ١٤٧ پەنجەرە(windows)، ٢٨ شوومێنە (fireplaces). ٨ پێپلیکان(staircases)، ٣ ئاسانسوور(elevators)، ٥ کەس چێشت لێنەر (chefs) تەواو وەخت، مەیدانی یاری تێنس(tennis court) شوێنی مەلە کردن(swimming pool) هۆڵی سینەما(movie theater) هۆڵی نانخواردنی کۆشکەکە توانای لە خۆ گرتنی ١٤٠ کەسی هەیە. و حەفتانە زیاتر ٣٠٠٠٠ میوان(visitors) هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئینسایکلۆپیدیای ئینگلیزی

---

## بۆچی "کەر" و "فیل"، بوونەتە لۆگۆی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان؟



بۆ یەکەمین جار دیموکراتەکان لە ساڵی ١٨٢٨ی زایینی لە بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئەمریکادا کە "ئەندرۆ جەکسۆن ١٧٦٧ - ١٨٤٥" ی زایینی پاڵێوراو بوو، کەڵکیان لە هێمای "کەر" وەرگرت.

هەر لەو سەردەمدا و دوای سەرکەوتن لە شەڕی ساڵی ١٨٢٨ ی زایینی دا، هاووڵاتیانی ئەمریکی "ئەندرۆ جەکسۆن"یان پێ قارەمانی شەڕ بوو و دیموکراتەکانیش بە دروشمی "ڕێگە بدەن خەڵک حوکمڕانی بکەن"، لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کرد.

بەرهەڵستکارانی ئەندرۆ جەکسۆن، ئەویان بە سیاسەتوانێکی پۆپۆلیست دەزانی و ناوی "کەر"یان لێ نا. بەڵام بەرامبەر بەو بێڕێزییەی کە بەو کرا، "جەکسۆن"یش کەڵکی لەو شوپهاندنە وەرگرت و "کەر"ی وەکوو هێمایەک لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکار هێنا.

بەڵام لە ڕەوتی مێژوودا، هیچ کەس بە ڕادەی "تۆماس ناست ١٨٤٠ - ١٩٠٢"ی زایینی کاریکاتێریست، دەوری لە جێگیرکردنی هێمای "کەر" بە دیموکراتەکاندا نەبووە. تۆماس ناست بۆ یەکەمین جار لە گۆڤاری "هارپێر ویکلی" لە ساڵی ١٨٧٠ی زایینی دا بۆ ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی دژی شەڕیی دیموکراتەکان، بە وێنەی "کەر"ێک و، چەند ساڵ دواتر ناڕاستەوخۆ بە ئاماژە بە ململانێ نێوخۆییەکانی کۆمارییەکان، کەڵکی لە وێنەی "فیل"ێک وەرگرت. لە ڕوانگەی "ناست"ەوە، درێژەی ململانێکان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بە زیانی ئەو حزبە تەواو دەبێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا، هێمای "کەر" و "فیل" تا سەردەمی کارە بەناوبانگەکەی "تۆماس ناست" لە (٧ - ١١ - ١٨٧٤)ی زایینی دا، نەبوونە هێمای ئەو دوو حزبە. لەو ڕێکەوتەدا، گەلاڵەی "کارتۆن"ێک بە ناوی "ترس لە قۆناغی سێیەم" لە لایەن "تۆماس ناست"ەوە بڵاو کرایەوە، کە بۆ هەمیشە "کەر" و "فیل"ی کردە هێما (لۆگۆ)ی ئەو دوو حزبە.

ئەو کارتۆنە مێژووییە، باس لە ڕووداوی "ئۆلیسس سیمۆن گرێنت" دەکات، کە لە دوو خولدا سەرکۆمار بووە، دەنگۆی ئەوەیش هەبوو کە خەریکە پاڵێوراوێتیی خۆی بۆ خولی سێیەم، تاووتوێ دەکات. لە کارتۆنی "ترس لە قۆناغی سێیەم"دا، "کەر"ێکی تێدایە کە لە کەوڵی شێردا ئاژەڵی تر دەترسێنێت و لەسەر کەوڵەکەیشی زاراوەی "سێزاریزم" نووسراوە. هەر لە هەمان کارتۆندا "فیل"ێکی گەورەی تێدایە، کە وەکوو دەنگی "کۆمارییەکان" دەناسێنێت. لە شیکردنەوەی کارتۆنەکەدا هاتووە: "کەرێک لە کەوڵی شێر، کە لە ناو لێڕەواردا پیاسە دەکات، ئاژەڵەکانی تر دەترسێنێت".

وتە ناڕاستەوخۆکانی "تۆماس ناست" سەبارەت بەو زنجیرە وتارانە بوو، کە لە ڕۆژنامەی "نیۆیۆرک هێراڵد" چاپ کرابوون و، لەبەر ئەو بڕیارەی کە بۆ جاری سێیەم پاڵێوراوێتیی خۆی بۆ گەییشتن و پاراستنی دەسەڵات هێنابوویە گۆڕێ، ڕەخنەی لە "ئۆلیسس سیمۆن گرێنت" گرت. دەستەواژەی "سێزاریزم"یش، بە مانای "هەوڵدانێکی نادیموکراتیک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات" بوو.

لە ڕواڵەتدا، دیمەنی لێرەوارەکەیش باسی لە حیکایەتی "کەرێک لە کەوڵی شێر"دا دەکرد، کە لە "ئیسۆپ"، حیکایەتبێژی کۆنی یوونانەوە وەری گرتبوو. دەرەنجامی ئەخلاقیی ئەو حیکایەتە، ئەوە بوو کە لەوانەیە گەمژەیەک بتوانێت ڕواڵەتی خۆی بە چەشنێک پیشان بدات کە ئەو نییە، بەڵام لە کۆتاییدا، قسەکانی، سروشتی ڕاستەقینەی ئەو لەقاو دەدەن.

دوای ئەوە، "تۆماس ناست" لە تەواوی کارەکانیدا "فیل"ی بۆ پێشاندانی دەنگی "کۆمارییەکان" بەکار دێنا. وردە وردە وێنەی ئەو ئاژەڵە زلە (فیل)، بوو بە هێمای کۆمارییەکان. دواتر کارتۆنیستەکانی تریش پێشوازییان لە گەڵاڵەی هاوکارەکەیان "تۆماس ناست" کرد. تا ئەمڕۆکەیش دیموکراتەکان، "کەر" وەک لۆگۆی حزبەکەیان بەکار دێنن و، کۆمارییەکانیش کەڵک لە لۆگۆی "فیل" وەردەگرن.

**تێبینی:**

"ئەندرۆ جەکسۆن ١٧٦٧ - ١٨٤٥" لە ساڵی ١٨٢٩ تا ساڵی ١٨٣٧ی زایینی، بۆ دوو خول سەرکۆماری ئەمریکا بوو.


* حزبی کۆماری (کۆمارییەکان)، ساڵی دامەزرانی (١٨٥٤)ی زایینی.

* حزبی دیموکرات (دیموکراتەکان)، ساڵی دامەزرانی (١٨٢٨)ی زایینی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

-------------------------------------------

## چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا



د. محەمەد سابیر

### ١

پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت، ئاسان نییە زۆر بە ئاسانی تێبگەیت، سەبارەت بەوەی کە ئەو سیستەمی هەڵبژاردنەی هەیە لە ئەمریکا نموونەی لە جیهاندا نییە و هەتا تەنانەت ئەمریکیەکان خۆشیان زۆر ئەستەمە بۆیان کە بەباشی تێبگەن چونکە ئاڵۆزترین سیستەمی هەڵبژاردنە لە جیهانی ئەمڕۆدا.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی زانیاریان لە سیستەمی هەڵبژاردنی ئەمریکادا هەبێت کە ئێستا لە مانگی ١١ دا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا جارێکی تر ئەنجام دەدرێت، هەوڵ ئەدەم هەندێک زانیاری و تیشک بخەمە سەر سیستەمی هەڵبژاردن لە ئەمریکا لە روانگەی ئەوەی چەند ساڵێک لە ئەمریکا بووم وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (٢٠٠١ - ٢٠٠٤).

**بەکورتی دەمەوێت لێرەدا سیستەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا و هەڵبژاردن لەم خاڵانەی خوارەوە چڕبکەمەوە:**

**یەکەم: یاسا و ڕێساکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

هەرکەسێک بیەوێت خۆی هەڵبژێرێ بۆ پۆستی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت لەدایکبووی ئەمریکا بێت و

ڕەگەزنامەی ئەمریکای هەبێت و بەلایەنی کەمەوە (١٤) ساڵ دانیشتووی ئەمریکا بێت و تەمەنی لە ٣٥ ساڵ کەمتر نەبێت. هەمان مەرج، جێگری سەرۆکەکەشی دەگرێتەوە ئەمە جگە لەوە نەبێت کە جێگری سەرۆک نابێت لەهەمان وولایەتی سەرۆک بێت. ئەمەش بەگوێرەی ئەو گۆڕانکارییە دوانزەهەمینەی کە لە دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کراوە.

سەرۆکی ئەمریکا و جێگرەکەی بۆ (٤) ساڵ هەڵدەبژێرێت و سەرۆک ئەتوانێت بۆ خولێکی تریش خۆی هەڵبژێرێتەوە واتە پاش لە ساڵەکە جارێکی تر خۆی هەڵبژێرێتەوە.

ئەوەی جێی ئاماژەیە، زۆر کەس وا تێدەگات کە هاوڵاتیانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەتوانن سەرۆکەکەیان هەڵبژێرن، چونکە هەڵبژاردنی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جێگرەکەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە هەڵنابژێردرێت بەڵکو لە ڕێگای کۆمسیۆنەکانی یان هەیئەی هەڵبژاردنەوە (المجمع الانتخابی) (Electral Collage) هەڵدەبژێرێن کە ژمارەیان (٥٣٨) نوێنەرە. ئەم ژمارەیەش واتە ژمارەی نوێنەرەکان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کە ٥٣٨ نوێنەر دەبن یەکسانە بە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا بەهەردوو ئەنجومەنەکەوە (نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانەوە ) لەگەڵ سێ نوێنەری هەرێمی کۆلۆمبیا کە پایتەختی ئەمریکایە واتە واشنتۆن دی سی (Washington D.C) ئەگەرچی ئەم هەرێمە (مقاطعە D.C) نوێنەرایەتی نییە لە کۆنگرێسی ئەمریکادا. هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکا واتە (٥٠) ولایەتەکە هەریەکەیان ژمارەیەکی تایبەتی بەخۆیان هەیە لەناو ئەم کۆمەڵگای هەڵبژاردنەدا (Electral Collage) بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ولایەتەکە و ژمارەی نوێنەرەکانیان لە کۆنگرێسی ئەمریکادا بۆ نموونە کالیفۆرنیا کە گەورەترین ولایەتەکانی ئەمریکایە لەرووی ژمارەی دانیشتوانیەوە کە ٣٦ ملیۆن کەسە (٥٥) نوێنەریان هەیە لە کۆمەڵگای هەڵبژاردندا، بەڵام ویلایەتی فلۆریدا (٢٧) نوێنەری دەبێت لەم (Electral Collage) واتە لە مجمعی هەڵبژاردندا. هەروەها ویلایەتی (کالوانیای سەروو) تەنها (٣) نوێنەری دەبێت لەو هەیئەیەدا.

## کاندیدی سەرۆک

ئەو کاندیدەی سەرۆک کۆمار بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆک، دەبێت بەلایەنی کەمەوە ٢٧٠ دەنگی نوێنەرەکان لە هەیئەی هەڵبژاردندا بەدەست بهێنێت کە کۆی ئەو (٥٣٨) مەندوبەدا و هەر ویلایەتە و یەک بازنەی هەڵبژاردنە، هەر پاڵێوراوەش کە زۆربەی دەنگەکانی ئەو ویلایەتە بەدەست دەهێنێت، هەمو دەنگەکان بۆخۆی دەبات، بۆ نموونە یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکا (١٠) نوێنەری دەبێت، دوو لیستی سەرەکی دەبێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە موجەمەعی هەڵبژاردندا (واتە لیستی دیموکراتەکان و لیستی پارێزگارەکان لەو ویلایەتەدا ٦ نوێنەری دیموکراتەکان دەنگی زۆرینە دێنێت وە لیستی پارێزگارەکانیش (٤) نوێنەریان دەردەچێت زۆرایەتی دەنگەکان دەچێت بۆ دیموکراتەکان مادام دیموکراتەکان بوون بە

خاوەنی ٦ نوێنەر کە زۆرایەتییە بە نیسبەت ٤ نوێنەرەکەی ترەوە (١٠) نوێنەرەکە دیموکراتەکان دەچێت.

ئەمە بەلایەنی هەموو ویلایەتەکانەوە (واتە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکان لە هەیئەی هەڵبژاردندا بازنەیی دەبێت) جگە لە دوو ویلایەت نەبێت کە ئەوانیش ویلایەتی (نبراسکا و مین) کە شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەرانیان لە کۆمەڵگای هەڵبژاردندا نسبیە.) کە هەر کاندیدێک بەگوێرەی ئەو دەنگانەی کە بەدەستی هێناوە لە کۆمەڵگای نوێنەرانی هەڵبژاردنەکەدا بەگوێرەی ئەو دەنگانە دەبێت کە هاووڵاتیان دەنگی پێداون.

ئەوەی جێی ئاماژەیە هەموو هاووڵاتیەکی ئەمریکایی کە تەمەنی گەیشتبێتە ١٨ساڵ و ناسنامەی نیشتەجێبوونی هەبێت لەو ویلایەتەی کە دەنگ ئەدات، مافی دەنگدانی هەیە بەڵام دەبێت پەیڕەوی ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن بکات لەو کاتەی کە بۆی دانراوە خۆی ناونووس بکات بۆ دەنگدان.

### دووەم: چۆنیەتی پێکهێنانی کۆمەڵگەی هەڵبژاردنەکانی (Electoral Collage)

کۆمەڵگای هەڵبژاردن دابوونەریتێکی دەستووری ئەمریکایە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٨) (**) مەبەست لە کۆمەڵگەی هەڵبژاردن بریتیە لە کۆمەڵێک هاوڵاتی ئەمریکی کە ویلایەتەکان دەستنیشانیان دەکات و هەڵیاندەبژێرێت بۆ ئەوەی سەرۆکی ویلایەتەکان و جێگرەکەی هەڵبژێرێت بۆ نوێنەرایەتی هەموو دانیشتوانی ئەو ویلایەتە.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگەی هەڵبژاردن نموونەیەکە لە جۆری هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ. کە ئەمەش پێچەوانەی هەڵبژاردنی راستەوخۆیە کە هەموو هاوڵاتیەکی ویلایەتەکانی ئەمریکا دەنگی خۆیان راستەوخۆ دەدەن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا. (واتە بۆ کۆنگرێس)وە پرۆسەی دیاریکردنی ئەندامانی کۆمەڵگەی هەڵبژاردن لە ویلایەتێکەوە ئەگۆڕێ بۆ ویلایەتێکی تر، بەڵام بە زۆری پارتیە سیاسیەکانی ئەمریکا دەستنیشانی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن دەکەن کە کۆنگرەی گشتی پارتیەکانیاندا یان لەرێگەی کۆمیتەی مەرکەزی ئەو حیزبانەوە.

دەستنیشانکردنی لەلایەن هەر ویلایەتێکەوە بەگوێرەی دەستووری ئەمریکی و ئەنجومەنی یاسادانانی ئەو ویلایەتە دائەنرێن و دەنگدەران لەهەر ویلایەتێک هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمەڵگەی هەڵبژاردن لەو ویلایەتەی خۆیان لەرۆژی هەڵبژاردنی گشتی بۆ سەرۆک کۆمار، پاش ئەوەی کە کۆمەڵگای هەڵبژاردن و ئەندامەکانی هەڵدەبژێردرێن لەنێوان ئەو ئەندامانەی کە دەستنیشانکراون بۆ ئەو کۆمەڵگای هەڵبژاردنە، هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی سەرۆک و جێگرەکەی... هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد هەر ویلایەتێک یەک بازنەیە و ئەگەر هەردوو حزبە سەرەکیەکە کۆمەڵگای هەڵبژاردنی خۆیان

دیاریکرد بێت (واتە کۆمارییەکان و دیموکراتەکان بۆ ویلایەتێک کە ١٠ ئەندامی کۆمەڵگەی هەڵبژاردنی بەربکەوێت ئەگەر خەڵکی ئەو ویلایەتە (٦) ئەندامی سەر بە دیموکراتی هەڵبژارد و (٤) ئەندامی کۆمەڵگای هەڵبژاردنی کۆمارییەکان دەرچوون لە هەڵبژاردنەکەدا ئەوا (٦ بە ٤) دەبێت هەموو ئەندامامی کۆمەڵگای هەڵبژاردن دەچێتە لای دیموکراتەکان واتە هەر ١٠ ئەندامەکە دەبێت بەبەشی (دیموکراتەکان کە زۆرایەتی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردنیان بەدەست هێناوە) هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد جگە لە دوو ویلایەت نەبێت (نبراسکا و مین) کە هەڵبژاردن تیایدا نسبیە.

**سێیەم: چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا**

- هەر ویلایەتێک خۆی بەرپرسیارە لە رێکخستن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک. هەر ویلایەتێک هەڵدەسێت بە دیاریکردنی بەڕێوەبەری هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا. کە ئەرکی سەرەکی ئەم بەڕێوەبەری هەڵبژاردنە سەرپەرشتی جیاکردنەوەی دەنگەکانە و ژماردنیانە. بەڵام ئەرکی رێکخستنی هەڵبژاردن لەو ویلایەتەدا بەرەو رووی بازنەکانی هەڵبژاردن دەکرێت لە هەریەک لە ویلایەتەکاندا. ئەم بازنانەی هەڵبژاردن لەهەر ویلایەتێک رێوشوێنی رێساکانی هەڵبژاردن دادەنێت و هەروەها ئەم بازنانە بەرپرسیار دەبن لە دەستپێکردنی کاتی هەڵبژاردن و دیاریکردنی کاتی دەستپێکردنی دەنگدان و (واتە کردنەوەی ناوەندی هەڵبژاردن و کاتی داخستنیان). هەروەها بازنەکانی هەڵبژاردن لە هەر ویلایەتێکدا خۆیان چۆنیەتی هەڵبژاردنەکە دیاریدەکەن لەوەی ئەلکترۆنی بێت یان لەرێگای کارتی دەنگدانی سیستەمی کۆنەوە بێت واتە بەدەستی خۆیان کارتەکان بخەنە سندوقەکانی دەنگدانەوە.

خەرجی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی ویلایەتەکانی ئەمریکا چەندین ملیۆن دۆلاری پێویستە، ئەم تێچوونە هەر ویلایەتە و واتە حکومەتی خۆجێیی ویلایەتەکە خۆی بەرپرسیاری خەرجیەکان و تێچوونی هەڵبژاردنەکە دەگرێتە ئەستۆ و ئەم ویلایەتانە لەلایەن حکومەتی فیدرالی ئەمریکاوە هاوکاریەکی زۆر زۆر کەم دەکرێن لەرووی داراییەوە.

**چوارەم: قۆناغەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا:**

هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، پێشەکی بە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانەوە لەناو پارتەکان کە بەشداری هەڵبژاردن ئەکەن دەستپێدەکات، کە لە مانگی کانونی دووهەمی ساڵی هەڵبژاردنەکانەوە.

**بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**قۆناغی یەکەم؛** هەریەکە لەوانەی کە گەرەکیانە خۆیان بپاڵێون کۆمیتەیەکی پشتگیری و پروپاگەندە (لجنه الاستطلاع)

پێکدەهێنن بۆ ئەوەی پشتگیری پەیدا بکەن بۆخۆیان لەنێوان لایەنگرەکانیان لە پارتیەکەیان و هەروەها گەرەنتی بەدەستبهێنن لەنێوان ئەو کەسانەی کە بەشداری دەکەن لە کۆکۆدنەوە و پێشکەشکردنی پارەی پێویست بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی.

ئەو کەسانەی کە نیازی خۆپالاوتنیان هەیە و گەیشتنە ئەو بڕوایەی پشتگیری جەماوەری پارتیەکەیان بەدەست دەهێنن لەکاتی خۆپالاوتنیاندا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، ئەوە دەسەلاتدارانی حکومەتی فیدراڵی ئاگاداردەکەنەوە کە دەیانەوێت خۆیان بپاڵێون، پاشان هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی پارە (فەندرایسین) (fund raising) و ئەچنە ناو کێبڕکێی کاندیدەکانی حزبەکەیانەوە. (تێبینی لە پاشکۆی ئەم نووسینەدا زیاتر باسی چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرەتاییەکان دەکەین).

پاش ئەوەی کە قۆناغی سەرەتایی و پێشبڕکێیەکانی نێوان کاندیدەکانی هەر پارتیەک بەرەو کۆتایی چوو، ئەوسا کۆنگرەی حزبەکان دەگیرێت کۆنگرەی گشتی دیموکراتەکان کە لە مانگی (٧) ساڵی هەڵبژاردندایە بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لەو کاندیدانەی کە قۆناغی سەرەتاییان بڕیوە و ئەو کاندیدە کە زۆربەی دەنگەکانی کۆنگرێسی گشتی حزبەکەیان بەدەست دەهێنێت دەبێتە کاندیدی پارتیەکان بۆ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

(ئەوەی جێی ئاماژەیە کۆنگرەی گشتی کۆماریەکان لەمانگی ٨ی ساڵی هەڵبژاردنی سەرۆک دا دەکرێت بۆ دیاریکردنی کاندیدەکەیان).

هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد کە کێبڕکێی کاندیدەکانی هەر حزبێک کە خۆی ئەپاڵێوێت بۆ سەرۆکی ئەمریکا لەمانگی (کانوونی دووەم) ی ساڵی هەڵبژاردندا دەست پێئەکات، هەر پاڵێوراوێک دەکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵ هاوڕێکانی تردا کە خۆیان پالاوتووە لە هەموو ویلایەتەکاندا بۆ ئەوەی ببنە تاکە کاندیدی حزبەکەیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی.

هەروەکو ئاماژەی پێکرا کە کۆنگرەی نەتەوەیی یان گشتی پارتی دیموکراتی ئەمریکی لە مانگی ٧ی ساڵی هەڵبژاردندا دەستپێدەکات، لەهەموو ویلایەتەکانەوە وەفدەکانی حزبەکەیان بەرەو شوێنی کۆنگرە بەرێدەکەون و بۆ بەشداریکردن تیایدا بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی حزبەکەیان بۆ سەرۆکی ئەمریکا و ناوی کاندیدەکان لەلایەن هەموو وەفدەکانی حزب لەبەردەستیاندایە... ئەوەی شایانی باسە وەفدەکانی حزبەکەیان بۆ نموونە دیموکراتەکان هەر وەفدە و لە ویلایەتەکەی خۆی لەلایەن ئەندامان و هەوادارانی حزبەکەیانەوە هەڵدەبژێرێن بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ هەڵبژاردنی کۆتایی کاندیدی حزبەکەیان بۆ سەرۆکی ئەمریکا.

دیارە هەر کاندیدێک زیاتر ژمارەی دەنگەکانی بەشدارانی کۆنگرە بەدەستبهێنێت ئەوە دەبێت بەکاندیدی سەرەکی حزبەکەیان (تێبینی: لەهەندێ ویلایەتدا وەکو ویلایەتی (ئایەوا) بۆ هەڵبژاردنی وەفدەکەیان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کۆنگرەی حزبەکەیان کۆنگرەی خۆجەی ویلایەتەکەیان ئەگرن بۆ هەڵبژاردنی وەفدەکەیان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی).

١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

-----

**چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا**

**٢**

## کۆنگرەی پارتە گەورەکان

قۆناغی گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی پارتە گەورەکانی ئەمریکا کە خۆی لە دیموکراتەکان و کۆماریەکاندا ئەبینێت، بە رووداوێکی یەکجار گرنگ دائەنرێت بۆ دیاریکردنی کۆتایی کاندیدیەکەیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا. هەر وەفدەکانی ویلایەتەکانی ئەمریکا رۆژی گرتنی کۆنگرەکە بەرەو هۆڵی کۆنگرە دەڕۆن، هەریەکەیان لافتەیەکیان هەڵگرتووە کە ناوی ئەو کاندیدەی لەسەرە کە پشتگیری دەکەن. بەو شێوەیە کە وەفدەکان دەچنە ناو هۆڵی کۆنگرەوە - کۆنگرەکە پێش ئەوەی وەفدەکان بچنە پرۆسەی دەنگدانەوە، کۆنگرایەتی لا دروست بووە کە کێ دەبێتە کاندیدی حزبەکەیان و هەر وەفدەی ویلایەتێک کاندیدی خۆی دیاریکردووە و دەنگی پێ ئەدا لەکاتی هەڵبژاردندا لە کۆنگرە و بە هەڵبژاردنی ئەو کاندیدەی کە زۆرترین دەنگی وەفدەکان دێنێت دەبێتە کاندیدی حزبەکە بۆ سەرۆکی ئەمریکا و بەرەسمی هەڵدەبژێرێت. پاشان دەنگی رکابەری یەکەمی کاندیدەکانی تری حزبیش بەدەست دەهێنێت و پشتگیری لێدەکەن و کاندیدی سەرکەوتووی حزب بۆ خۆی لە کۆنگرەکەدا جێگرێک بۆخۆی دیاریدەکات. هەر لەو کۆنگرە گشتیەی حزبدا، ئەندامانی کۆمەڵگەی هەڵبژاردنی پارتیەکەیان بۆ هەر ویلایەتێک دیاریدەکەن.

## قۆناغی چوارەم

هەڵبژاردنی ئەمریکا راستەوخۆ پاش کۆنگرەی نەتەوەییەکانی پارتەکانی بەشداری هەڵبژاردنی ئەو کاندیدەی کە لە کۆنگرەی پارتەکاندا هەڵبژێردراوە، دەستدەکەن بە کێبڕکێی راستەقینە لەگەڵ یەکتریدا وە هەر کاندیدە و سیاسەتی خۆی و حزبەکەی دیاریدەکات ئەگەر بیباتەوە لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کێشە جیهانیەکان و

داواکارییەکانی هاوڵاتیانی ئەمریکا لەهەموو رووبەکەوە دائەرژێت و هەر کاندیدە رەچاوی داخوازییەکان و بەرنامەی هاوڕێ رکابەرەکانی تری حزبەکەی دەکات کە دەرنەچوون و لە کۆنگرەی نەتەوەییدا پشتگیری خۆیان بۆ کاندیدی پارتیەکەیان دەربڕیووە..

دیارە ئەم قۆناغی کێبرکێیە لەگەڵ پارتە نەیارەکانیدا کاتی کەمتری دەوێت وەکو هەڵبژاردنی سەرەتایی و دیاریکردنی دواجاریان.

لە دوا هەفتەکاندا هەر کاندیدە و چالاکی خۆی زیاتر چڕئەکاتەوە و لەو ویلایەتانەی کە هێشتا روون نییە کە زۆرایەتیان دەنگ بە کام کاندید ئەدەن، واتە دەنگ بە کام لە ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن ئەدەن لە ویلایەتەکاندا بە کۆماریەکان یان دیموکراتەکان.

## قۆناغی پێنجەم: هەڵبژاردنی گشتی

ئەم قۆناغە بە قۆناغی هەڵبژادنی گشتی (الانتخابات العامە) ناسراوە. ئەم قۆناغە لە یەکەم رۆژی سێ شەممە کە دوای یەکەم رۆژی دووشەممە لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکاوە دەستپێدەکات، ناوی لێدەنرێت (سێشەممەی گەورە) کە لەم رۆژەدا هەموو هاوڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا لەرێگای هەڵبژاردنی کۆمەڵگای هەڵبژاردنەکانی هەریەک لە ویلایەتەکان و پاش تەواوبوونی کاتی دەنگدان ئەنجامی سەرەتایی لە دوای ١٢ کاتژمێر لە داخستنی سندوقەکاندا رائەگەیەنرێت.

پاش ئەوەی دەنگەکان جیائەکرێتەوە، پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەچێتە لای کۆمەڵگای هەڵبژاردنەوە (Electoral Collage) کە هەڵبژێردراون - ئەم کۆمەڵگای هەڵبژاردنە ئەندامەکانی کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر سەرۆک و جێگرەکەی بدەن لەیەکەم رۆژی دووشەممەی دووەم چوارشەممەی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی هەڵبژاردنەوە - ئەوەی جێی ئاماژەیە لێرەدا مەرج نییە کە ئەندمانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن هەموویان دەنگ بەو کاندیدەی کە سەرکەوتوو بووە بدەن، بەڵکو بەگوێرەی راوبۆچوونی سیاسی خۆی دەنگ ئەدات (ئەمە بەگوێرەی یاسا) بەڵام تا ئێستا لەرووی ئەنجامەکانەوە رووینەداوە کە ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن پێچەوانەی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن دانیشتوانی ویلایەتەکانیان بووبنەوە. ئەگەر هاتوو هیچ یەکێک لە کاندیدەکان دەنگی زۆرایەتی کۆمەڵگای هەڵبژاردنیان بەدەست نەهێنا واتە لە ٢٧٠ دەنگ کەمتر، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی نوێنەران بڕیار لە کاندیدی سەرکەوتوو بدات. - ئەندامانی کونگرێس واتە نوێنەران - دەنگ بەهەردوو کاندیدە سەرەکیەکە ئەدەن کە زۆرایەتی دەنگی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردنیان بەدەست

نەهێناوە (٢٧٠) - هەریەک لە ئەندامانی نوێنەران یەک دەنگ ئەدات بە یەکێک لە کاندیدەکان.

بەڵام بە نیسبەت کاندیدەکانی بۆ جێگری سەرۆک کۆمار کە هیچیان دەنگی زۆرایەتی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردنیان نەهێناوە، ئەم مەسەلەیە ئەنجومەنی پیران دەنگ ئەدەن بە کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا و هەریەکەیان واتە هەر ئەندامی ئەنجومەنی پیران یەک دەنگی دەبێت.

بەمشێوەیە پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا کۆتایی پێ بێت.

**پاشکۆ:**

**١- کورتەی سیستەمی هەڵبژاردن لە ئەمریکا**

**أ؛ کێ مافی خۆ کاندیدکردنی هەیە بۆ سەرۆکی ئەمریکا؟**

- دەبێت ئەو کەسە تەمەنی لە ٣٥ ساڵ کەمتر نەبێت.
- دەبێت هاوڵاتی ئەمریکا بێت یان لە ئەمریکا لەدایک بووبێت.
- دەبێت دانیشتووی ئەمریکا بێت بۆ ١٤ ساڵ.

**ب؛ کورتەی هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکا:**

* **هەنگاوی یەکەم**: بە هەڵبژاردنی سەرەتایی دەستپێدەکات و بە گرتنی کۆنگرەی حزبەکان لە هەریەک لە ویلایەتەکان بۆ هەڵبژادنی نوێنەرەکانی حزبەکەیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار.

* **هەنگاوی دووەم**: بۆ دیاریکردنی نوێنەری کۆتایی حزبەکانیان هەر پارتیەک کۆنگرەی نیشتمانی خۆی دەگرێت (دیموکراتەکان لە مانگی تەموزی ساڵی هەڵبژاردندا، کۆمارییەکان لەمانگی ئابی ساڵی هەڵبژاردندا. کە لەو کۆنگرە نیشتمانیەدا هەر پارتە و نوێنەری خۆی بۆ سەرۆک و جێگرەکەی هەڵدەبژێرێت (یان دیاریدەکات) لە نێوان ئەو کاندیدانەی کە لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانەوە لەلایەن پارتەکانیانەوە.

* **هەنگاوی سێهەم**: هەڵبژاردنی گشتی دەستپێدەکات کە لە ڕۆژی سێ شەممەی کە لە دوای یەکەم ڕۆژی دووشەممەی مانگی 11ی ساڵی هەڵبژاردندا دەبێت.

* **هەنگاوی پێنجەم**: هەڵبژاردنی کۆمەڵگای هەڵبژاردن، کە لە هەریەک لە ویلایەتەکان کە لەلایەن دانیشتوانی ویلایەتەکانەوە یان حزبەکانیان دەستنیشانکراوە.

* **هەنگاوی شەشەم**: هەر کاندیدێکی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی ئەمریکا، دەبێت لایەنی کەم لە ٥٣٨ ئەندامانی هەڵبژێردراو ولایەتەکان بۆ کۆمەڵگای هەڵبژاردن (Electoral Collage) لە ڕۆژی هەڵبژادنی گشتیدا دەبێت ٢٧٠ دەنگی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن بهێنێت. - ئەگەر هاتوو هیچ یەک لە کاندیدەکانی سەرۆکی ئەمریکا و جێگرەکەی ٢٧٠ دەنگی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردنی بەدەست نەهێنا ئەوا بۆ سەرۆکی ئەمریکا ئەنجومەنی نوێنەران ئەوە یەکلادەکاتەوە و سەرۆک هەڵدەبژێرێت و هەریەکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەنگیان دەبێت و بۆ هەڵبژاردنی جێگرەکەی ئەنجومەنی پیران ئەوە یەکلادەکاتەوە کە ژمارەیان ١٠٠ کەسە هەریەکە و دەنگێکیان دەبێت.

دیارە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا هەر (٤) ساڵێک دەبێت. ئەوەی بە سەرۆک هەڵدەبژێرێت ئەتوانێت بۆ خولێکی تریش خۆی کاندید بکاتەوە.

### ئەم ٥٣٨ ئەندامەی کۆمەڵگای هەڵبژاردن لە کوێوە هاتووە؟

ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن (Electoral Collage) بریتیە لە: کۆی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرێس بە هەردوو ئۆرگانەکەیەوە واتە (کۆی ژمارەی ئەندامانی نوێنەران کە ٤٣٥ ئەندامن کۆی ژمارەی ئەنجومەنی پیران کە ١٠٠ ئەندامن کۆی ٣ نوێنەری هەرێمی واشتنن (Washington DC) پایتەخت کە (٣) نوێنەریان دەبێت لە کۆمەڵگای هەڵبژاردندا واتە: ٥٣٨ = ٣+ ١٠٠+٤٣٥ ئەندام هەڵئەبژێرێت بۆ کۆمەڵگای هەڵبژاردنەکان.

- هەڵبژاردن لە ئەمریکا ڕاستەوخۆ نییە چونکە هەر ویلایەتێک ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن هەڵئەبژێرن ئەگەر کۆماریەکان لە ویلایەتێکدا کە ژمارەی کۆمەڵگای هەڵبژاردن(١٠) ئەندام بێت لەم ١٠ کاندیدە (٦) کاندیدی کۆماریەکان دەرچوون و (٤) ئەندامانی دیموکراتەکان دەرچوو. ئەوا هەر (١٠) ئەندامەکە دەڕوات بۆ کۆماریەکان واتە هەڵبژاردنەکە ڕاستەوخۆ نییە بەڵکو بازنەیەکە تەنها دوو (٢) ویلایەت نەبێت کە هەڵبژاردن تیایاندا نسبیە ئەویش ویلایەتی (نبراسکا و مین)ن.

**کۆمەڵگای هەڵبژاردن (Electoral Collage) لە چییەوە هاتووە؟**

زۆر کەس وا دەزانێت هەر چوار ساڵ جارێک لە مانگی نۆڤەمبەردا گەلی ئەمریکا راستەوخۆ سەرۆک هەڵدەبژێرێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە وانییە ئەگەرچی زۆر لە ئەمریکیەکان لایان وایە راستەوخۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵدەبژێردرێت. بەڵکو سەرۆکی ئەمریکا لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە لەهەر ویلایەتێک هەڵدەبژێرێت کە پێیان دەوترێ کۆمەڵگای هەڵبژاردن (Electoral Collage) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەڵبژاردن لە ئەمریکا راستەوخۆ نییە بەڵکو نا ڕاستەوخۆیە.

**ئەم سیستەمی هەڵبژاردنەی ئەمریکا لە چییەوە هاتووە و هۆکارەکەی چی بووە؟**

ئەم سیستەمە تەمەنەکەی زیاترە لە ٢٠٠ ساڵ کاتێک دامەزرێنەری ئەمریکا وەکو جۆرج واشنتۆن و جیمس مدیسون و ئەلیکسەندەر هاملتون و ئەم گەورە پیاوانەی ئەمریکا بیریان لە باشترین سیستەم کردەوە بۆ ئەوەی هەموو ویلایەتەکان نوێنەرانی خۆیان هەبێت و بەشیان نەخورێت، سیستەمی دیموکراتی تەواوەتیان (PURE DEMOCRAY) رەتکردەوە، چونکە پێیان وابوو هاوسەنگی تەواوەتی دروست نابێت و بەڵکو ئەو ویلایەتانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە وەکو کالیفۆرنیا و تەکساس و نیویورک و ئیلینویا و پەنسلڤانیا کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە لە هەڵبژاردنی راستەوخۆدا لاسەنگی دروست ئەکات و هاوسەنگی نابێت لەنێوان ویلایەتەکاندا، واتە لەنێوان ویلایەتە گەورەکان و بچووکەکاندا، چونکە لە هەڵبژاردنی راستەوخۆدا هەمیشە سەرۆک کۆمار لەو ویلایەتە گەورانە دەردەچن و ویلایەتە بچووکەکان بێبەش دەبن، بۆیە ئەم گەورە پیاوانە و دامەزرێنەرانی ئەمریکا بیریان لە مۆدێلێکی تر کردەوە. لە سەرەتاوە دوو مۆدێل پێشنیاز کرا، یەکێکیان بە نەخشەی ڤێرجینیا دائەنرێت کە بە گوێرەی ئەم نەخشەیە، ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا کە نوێنەری هەموو ویلایەتەکانی تیادا هەستن بە هەڵبژادنی سەرۆکی ئەمریکا.

لەمەشدا نوێنەرانی ویلایەتە گەورەکان باڵادەست ئەبن هەمیشە بۆیە ئەم نەخشەیەش رەتکرایەوە و پلانی دووەم بە پلانی نیو (نەخشەی نیوجەرسی) ئەژمێردرێت کە ئەو بەگوێرەی ئەم نەخشەیە هەر ویلایەتە و یەک دەنگی دەبێت واتە هەموو ویلایەتەکان وەک یەک دەنگیان دەبێت یەکی یەک دەنگ، بێ گوێدانە گەورە و بچووکی ویلایەتەکان، بەڵام پلانی دووەمەش رەتکرایەوە چونکە زۆر ناهەقی تیابوو بەرامبەر بە ویلایەتە گەورەکان.

تا لەساڵی ١٧٨٧دا گەورە پیاوانی ئەمریکا و دامەزرێنەرەکانی گەیشتنە رێککەوتنێک کە پێی ئەوترێ گەورە رێککەوتن (GRATE COM PROMISE) کە ئەم سیستەمی کۆمەڵگای هەڵبژاردنیان داهێنا، واتە سەرۆکی ئەمریکا دەبێت لەلایەن نوێنەرەکانی هەر ویلایەتێکەوە هەڵبژێردرێت کە ژمارەی نوێنەری هەر ویلایەتێک بەقەدەر ژمارەی ئەندامانی

ئەنجومەنی نوێنەرانیان بێت + ٢ نوێنەر لە ئەنجومەنی پیران. بۆ نموونە ژمارەی نوێنەرانی ویلایەتی کالیفورنیا لە ئەنجومەنی نوێنەران (٥٣) نوێنەرە هەروەها (٢) نوێنەریشیان هەیە لە ئەنجومەنی پیران، واتە کۆی نوێنەرانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن بۆ کالیفۆرنیا یەکسانە بە ٥٥ = ٢ + ٥٣. وە یان ویلایەتی نیویۆرک ژمارەی نوێنەرانیان لە ئەنجومەنی نوێنەران ٢٣ نوێنەرە +٢ نوێنەریان لە ئەنجومەنی پیران واتە کۆی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن لە نیویۆرک یەکسانە بە ٢٥ بەم شێوەیە: ژمارەی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەمریکا ٤٣٥ نوێنەرە + هەر ویلایەتێک ٢ نوێنەری هەیە لە ئەنجومەنی پیران (هەموو ویلایەتەکان هەریەکە و دوو نوێنەری دەبێت لە ئەنجومەنی پیران واتە ٥٠ ویلایەت*٢ = ١٠٠ نوێنەر.

ناوچەی (هەرێمی کولومبیا کە واشنتۆن دی سی ئەگرێتەوە واتە پایتەخت) ئەویش (٣) نوێنەری بۆ دانراوە بەم پێیە کۆی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن لە ئەمریکا ٥٣٨ = ٣+ ١٠٠+٤٣٥ هەر کاندیدێکی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی کۆماری ئەمریکا دەبێت ٥٠% ئەم ٥٣٥ + ١ = ٢٧٠.

ئەوەی جێی ئاماژەیە هەر ویلایەتێک خۆی بەرپرسیارە لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیدا بۆ کۆمەڵگای هەڵبژاردن، لە رۆژی هەڵبژاردنی گشتیدا واتە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی هەڵبژاردن بە رەچاوکردنی لێهاتوویی ئەو کاندیدانە و ئاستی رۆشنبیری و ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیان لێک ئەدرێتەوە، کە باشترین کاندید بێت و جێی متمانەی دانیشتوانی ویلایەتەکەیان بن.

٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

-----

## چۆنیێتی هەڵبژاردنی نوێنەرەکان

## ٣ و کۆتایی

دیارە هەر پارتێک واتە هەردوو پارتە گەورەکەی ئەمریکا، نوێنەرەکانی خۆیان دەستنیشان ئەکەن لە هەریەکە لە ویلایەتەکاندا و خەڵک دەنگیان پێ ئەدات و هەڵدەبژێرێن و لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمەڵگەی هەڵبژاردندا لەرۆژی هەڵبژاردنی گشتیدا لە مانگی کانوونی یەکەمدا، ئەم نوێنەرانە سەرۆکی ئەمریکا هەڵدەبژێرن نەک کۆی گشتی دەنگی هەموو ئەمریکا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەر ویلایەتە و خۆی نوێنەرەکانی بەگوێرەی توانا و لێهاتوویان دەستنیشان ئەکات بۆ ئەوەی هەڵبژێردرێن بۆ ئەندامی کۆمەڵگە هەڵبژاردنی ویلایەتەکەیان، بەڵام بۆ نموونە لە ویلایەتی X دا کە ژمارەی بەرکەوتەیان ١٠ ئەندامە کۆماریەکان (٦) ئەندامیان دەرئەچێت لە هەڵبژاردنەکەدا. بەڵام دیموکراتەکان لەم ویلایەتەدا (٤) لە نوێنەرەکانیان دەنگی تەواو دەهێنن و دەردەچن لە هەڵبژاردندا. لێرەدا ئەوە نییە کۆی ژمارەی ئەندامانی هەڵبژێردراو کە ١٠ ئەندام دەبێت ٦ی کۆماری و ٤ ی دیموکراتی بەڵکو مادام کۆمارییەکان (٦) یان لێ هەڵبژێردراوە واتە زۆرایەتین. (٤) نوێنەرەکەی دیموکراتیش بۆ خۆیان دەبەن واتە هەر ١٠ ئەندامەکە دەبێت نوێنەرانی کۆماری (4) ئەندامەکەی دیموکرات ئەسووتێ.

بە ئینگلیزی بەمەش دەوترێ (winner take all) واتە ئەوەی کە زۆربەی نوێنەرەکانیان دەرچوون هەموو ئەوانی تریش بۆ خۆیان دەبێ.

ئەم سیستەمە لە دەستووری ئەمریکادا هەر لە ساڵی ١٧٨٧وە پەیڕەوی دەکرێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان ولایەتە گەورەکان و بچووکەکاندا پەیدابکەن و بەدەستیبهێنن.

خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەم ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردنەکان لە هەریەکە لە ولایەتەکاندا کە سەر بە زۆری سەر بە هەردوو پارتە سەرەکیەکەی ئەمریکان، مەرج نییە لەکاتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی هەڵبژاردندا ئەبێت هەموو دەنگ بە کاندیدی پارتەکەی خۆیان بدەن بەڵکو بەویژدانی خۆیان دەنگ بە کام کاندیدی سەرەکی دەدەن.

### مەرج نییە سەرۆک زۆرینەی دەنگ بەدەستبهێنێت

خاڵێکی گرنگی تر لە هەڵبژاردنی ئەمریکادا ئەوەیە، کۆی دەنگی دەنگدەرانی ئەمریکا بۆ هەر کاندیدێک کە پێی ئەوترێ دەنگی گشتی خەڵک واتە هی هەموو ئەوانەی کە دەنگیان داوە، نابێتە ئەو پێوەرەی کێ زۆرایەتی دەنگەکانی برد بێت ئەوە دەبێتە سەرۆک کۆمار. (٤) جار لە مێژووی ئەمریکا روویداوە کە کاندیدێک دەنگی زۆرایەتی گەلی ئەمریکای بەدەست هێناوە، بەڵام نەشبۆتە سەرۆک کۆمار، چونکە دەنگی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن پێوەرەکە دەبێت زۆرایەتی ئەو دەنگانەی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردن بەدەست بێنێت، واتە بەلایەنی کەمەوە (٢٧٠) مەندوب جەنگ بدەنە یەکێک لە دوو کاندیدەکە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی ئەمریکا.

بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٦ لەنێوان هیلاری کلینتۆن و ترەمپ دا هیلاری کلینتۆن زۆربەی دەنگە گشتییەکانی هاووڵاتیانی بەدەستهێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەڵبژادنی مانگی کانوونی دووەمدا کە لەلایەن ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگای هەڵبژاردنەوە، زۆربەی دەنگی ئەو نوێنەرانەی بەدەست نەهێنا، بۆیە ترەمپ زیاتر لە ٢٧٠ی دەنگی نوێنەرەکانی ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگای هەڵبژاردنی بەدەستهێنا و بوو بە سەرۆکی ئەمریکا.

هەروەها لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٠دا لەنێوان جۆرج دەبلیو بوش و ئال گوردا، ئال گور زۆرایەتی دەنگە گشتیەکانی هەموو ویلایەتەکانی هێنا بەڵام لەبەرئەوە لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردندا ٢٧٠ دەنگی نوێنەرەکانی نەهێنا، بۆیە جۆرج دەبلیو بوش ٢٧٠ی زیاتر هێنا و بوو بە سەرۆکی ئەمریکا.

نموونەیەکی تر (سێهەم) لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٨٨ گروڤەر کلیڤلاند (Grover Clevland)دەنگی گشتی خەڵکی ئەمریکای بەدەستهێنا بەڵام (Benjamin Harrison) زۆرایەتی دەنگی کۆمەڵگای هەڵبژاردنی بەدەستهێنا و بوو بە سەرۆکی ئەمریکا.

هەروەها لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٧٦ کە لە نێوان (Samuel Tilden) و (rutherford hayes) رازەرفۆرد بەدەنگی گشتی دۆڕا بوو، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرایەتی دەنگی ئەندامانی کۆمەڵگای هەڵبژاردنی بەدەست هێنابوو بوو بە سەرۆکی ئەمریکا.

کاندیدەکانی کۆتایی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٠دا
پاش کۆنگرەی نەتەوەیی هەردوو پارتە کۆماری و دیموکراتەکان بریتین لە:

١- دوناڵد ترەمپ کاندیدی کۆماریەکان کە خەڵکی ویلایەتی فلوریدایە (ترەمپ جێگای نیشتەجێبوونی خۆی گۆڕیوە لە فلویداوە بۆ نیویۆرک.)

٢- جۆ بایدن کاندیدی دیموکراتەکانە و خەڵکی ویلایەتی دیلاویر.

جێگرەکانیان: کۆماریەکان: مایک پنس.

دیموکراتەکان: کامالا هاریس یەکەم ژنی رەش پێست بۆ جێگری سەرۆکی ئەمریکا.

**رۆژی هەڵبژاردن**

**رۆژی سێشەممەی مانگی ١١ واتە ٣ - ١١ - ٢٠٢٠ دەبێت ئەم هەڵبژاردنە بۆ سەرۆکی ئەمریکا ٥٩هەمین هەڵبژاردن دەبێت بۆ سەرۆکی ئەمریکا کە چوار ساڵ جارێک دەبێت.**

**ئەوەی جێی ئاماژەیە ساڵی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا هاوتەریبە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران لە ئەمریکا لەرێگەی چەندین هەڵبژاردنەوە لەسەر ئاستی ویلایەتەکان و ئاستی ناوخۆییەکان.**

**دیارە ترەمپ ئێستا ٤٥ هەم سەرۆکی ئەمریکا هەریەک لە ترەمپ و بایدن کە هەڵبژێردرێن دەبنە ٤٦ هەمینی سەرۆکی ئەمریکا. ئەوەی جێی ئاماژەیە دیموکراتەکان پێش کۆنگرەی نەتەوەی حزبەکەیان لەمانگی تەموزدا بوو ٢٩ کەس خۆی کاندید کردبوو، جگە لە بایدن کاندیدێکی تری بەهێزی دیموکراتەکان بیرنی ساندوز بوو کە لە ٨ نیسانی ٢٠٢٠ دا خۆی کشانەوە بۆ بەرژەوەندی بایدن. هەروەها پارتی لیبرتاری ئەمریکی کاندیدی خۆی پێشکەش کرد بۆ سەرۆکی ئەمریکا ئەویش پرۆفیسۆر جو جورغینین کە بووە کاندیدی حزبەکەیان لەکاتی کۆنگرەی حزبەکەیاندا کە لە ٢٣ مایسی ٢٠٢٠ گرتیان لەرێگەی ئنتەرنێتەوە. وە ئەم پرۆفیسۆرە یەکەم ژنە لە مێژووی پارتی لیبەرتاری ئەمریکی کە ببێتە کاندید لە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکادا.**

**مونازەرەکانی هەردوو کاندیدی سەرەکی کە بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ٣ - ١١ - ٢٠٢٠ دا**
**١١ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩ لیژنەی مونازەرەکانی سەرۆکایەتی بڕیاریدا کە (٣) مونازەرە ئەنجامبدرێت لەنێوان هەردوو کاندیدە سەرەکیەکە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا و یەک مونازەرەش ئەنجام بدرێت بۆ هەردوو جێگرەکەیان بەمشێوەیەی خوارەوە:**

**یەکەم مونازەرە دەبێت ئەنجام بدرێت لە ٢٩ - ٩ - ٢٠٢٠دا لە نۆتەردام لەشاری نۆتەردام لە ویلایەتی اندیانا.**

**دووەم مونازەرە لە نێوان هەردوو کاندیدە سەرەکیەکەدا دەبێت لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٠ (١٥ - ١٠ - ٢٠٢٠) لە زانکۆی میشیگان لە ئان ئاربوو لە ویلایەتی میشیگان.**

**سێهەم مونازەرە دەبێت لە ٢٢ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٠ لە زانکۆی بیلمۆنت لە شاری ناشفیل لە ویلایەتی تینەسی. هەروەها جگە لەم مونازەرەیە یەک مونازەرەش دەبێت لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ لەنێوان هەردوو کاندیدە جێگرەکان بۆ سەرۆکایەتی**

ئەمریکا لە زانکۆی یۆتا لەشاری (سولت لیک).

ئەوەی شایانی باسە تا ئێستا مونازەرەی یەکەم لەنێوان دۆناڵد ترەمپ و جۆبایدن لە ٧ - ١٠ - ٢٠٢٠ ئەنجامدراوە، دیارە ئەم مونازەرەیەی یەکەم، بەڕای شارەزایان هیچ سەرکەوتوو نەبوو چونکە فەوزا بوو. زمانی زبری زۆر تیادا بەکارهێنرا، جۆبایدن بە ترەمپی وت: «کە تۆ خراپترین سەرۆکی ئەمریکا بووی لە مێژووی وڵاتەکەیاندا».

## ترەمپ و جۆ بایدن

لەگەڵ ئەوەی ترەمپ لە زۆربەی راگەیاندن و قسەکانیدا گاڵتەی بە رکابەرەکەی جۆبایدن دەکرد و بە ((جۆ نووستوو)) ناویدەبرد، بەڵام لە مونازەرەی یەکەمدا ترەمپی تووشی شۆک کرد بەوەی جوبایدن هێرشێکی توندی کردە سەر ترەمپ، چەندین قسەی زبری بەرامبەر ترەمپ بەکارهێنا وەکو: درۆزن و گەمژە و شۆڤێنی و بوکەڵەی پۆتین...هتد. وە هەرگیز جەماوەری ئەمریکا شتی وایان بەخۆیەوە نەبینیبوو کە هەردوو کاندیدەکە بەو شێوەیە قسە بە یەکتری بڵێن.

بەڕێوەبەری مونازەرەکە کە کریس والاس بوو کە رۆژنامەنووسە لە کەناڵی فۆکس نیوز، رایگەیاند کە هەر لەسەرەتاوە گرژی باڵی بەسەر مونازەرەکەدا کێشابوو، هەتا وایلێهات کە لە کۆنترۆڵ دەرچوو. جا بابزانین مونازەرەی دووەم و سێهەم چۆن دەبێت لە ١٥ - ١٠ و لە ٢٢ - ١٠دا، هەرچەندە بایدن رایگەیاندووە کە بە مەرج بەشداری مونازەرەی دووهەم دەکات ئەویش ئەوەیە ئەبێت ترەمپ بەتەواوی چاک بووبێتەوە لە نەخۆشی کرۆناکەی و هەڵگری ڤایرۆسەکە نەبێت.
با چاوەڕێ بکەین بزانین دوو مونازەرەکەی تر چۆن دەبێت و ئەنجامی هەڵبژاردنی رۆژی ٣ - ١١ - ٢٠٢٠ چۆن دەبێت.

## مونازەرەی هەردوو جێگرەکە

مونازەرەی هەردوو جێگرەکە مایک پنس کە تەمەنی (٦١) ساڵە و بۆ جێگری ترەمپ کاندید کراوەتەوە لەگەڵ خاتوو (کامالا هاریس)کە تەمەنی (٥٥) ساڵە بۆ جێگری بایدن کاندیدە لە رۆژی ٩ - ١٠ - ٢٠٢٠ ئەنجامدرا، بەڵام ئەم مونازەرەیە جیاواز بوو لەوەی کاندیدی هەردوو سەرۆکایەتیەکە، لە کەشوهەوایەکی ئارام و رێزگرتن لەیەک بەڕێوەچوو، مەسەلەی سەرەکی موناقەشەکەیان لەسەر کۆرۆنا بوو، کە تیایدا مایک پنسی بەرگری لە سیاسەتی ترەمپ دەکرد لەو رێوشوێنانەی کە گرتوویەتیەبەر بەرامبەر کۆرۆنا، لە وەڵامیشدا خاتوو هاریس رەخنەی لە ئەدای ترەمپ دەگرت و دەیووت: جەماوەری ئەمریکی هەموو شاهیدن کە ترەمپ گەورەترین شکستی بەدەستهێناوە لە زیاتر لە هەموو سەرۆکەکانی پێش خۆی لەمێژووی ویلایەتەکانی ئەمریکادا.

با بزانین دوو مونازەرەی داهاتوو لەنێوان دوناڵد ترەمپ (کە تەمەنی (٧٤) ساڵانە و رکابەرکەی جۆبایدن کە تەمەنی (٧٧) ساڵانەچۆن دەبێت و کێ براوە دەبێت لە رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکادا لە ٣ - ١١ - ٢٠٢٠ دا.

لێرەدا جێی خۆیەتی کە ئاماژە بە راپرسیە گشتیەکان بکەین کە لە ئەمریکا ئەنجامدراوە لەوەی کێ دەیباتەوە: تا ئێستا جۆبایدن لەپێش دۆناڵد ترەمپەوە بە (١٠) خاڵ واتە جۆبایدن بەگوێرەی راپرسیەکان ٥٢% دەنگەکانی خەڵکی ئەمریکا بەدەستدەهێنێت و لە ٤٢% خەڵکی ئەمریکا دەنگ بە دوناڵد ترەمپ ئەدەن.

بەڵام رەنگە تا رۆژی هەڵبژاردن کە نزیکەی زیاتر لە (٣) هەفتەی ماوە موفاجەئات بێتە پێشەوە و هاوسەنگی تەرازووەکە بەلای ترەمپ دا بشکێتەوە. با چاوەڕێ بکەین و ببینین.

ئەوەی شایانی ئاماژەیە. بەشی زۆری خەڵکی ئەمریکا کە بە بنچینە ئەفریقاییین یان ئیسپانین یان ئاسیاوین، یان ئەمریکای لاتینین کە ژمارەیەکی یەکجار زۆرن دەنگ بە دیموکراتەکان دەدەن واتە جوبایدن.

**ولایەتە گرنگەکان؛**

**١٤ ویلایەت هەیە لە ئەمریکا کە تا ئێستا بەتەواوەتی خۆیان ساغ نەکردۆتەوە تا رۆژی هەڵبژاردن کە ئەم ویلایەتانەی خوارەوەن:**

١- ئەریزون.

٢- ئۆهایۆ.

٣- بنسلڤانیا.

٤- تکساس.

٥- ئایوا.

٦- جورجیا.

٧- فرجینیا.

٨- فلوریدا.

٩- میشیگان.

١٠- ئینسۆتا.

١١- نورپ کارولاین.

١٢- نیڤادا.

١٣- نیو هامشر.

١٤- ویست کۆنسن.

که ئەم (١٤) ویلایەتە پێیان دەوترێت ئەو ویلایەتانەی که هێشتا بەتەواوی بڕیاری خۆیان نەداوە دەنگ بە مەندوبی کام لە دوو کاندیدە ئەدەن لەرۆژی ٣ نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٠. که ئەم ولایەتانە حەسمی ئەوە دەکەن کە کێ دەبیاتەوە و هەر کاندیدێک بەکۆی هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکا ٢٧٠ نوێنەری لە (مجمع انتخاب)یدا ئەوا ئەو دەیبیاتەوە لەکۆی ٥٣٨ نوێنەر. وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد کۆی گشتی دەنگی خەڵکی ئەمریکا پێوەر نییە بۆ ئەوەی کە کێ دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا بەڵکو ژمارەی نوێنەرەکان پێوەرە و کە کێ دەبێتە سەرۆک ئەوە بێت لایەنی کەم ٢٧٠ نوێنەر هەڵبژاردبێت لە کۆی ٥٣٨.

هەروەها بەگوێرەی دوا راپرسیش لە (١٤) ویلایەتەکەی کە هێشتا بەتەواوی دیار نییە دەنگ بە نوێنەرەکانی کام یەکێک لە دوناڵد ترەمپ و جۆبایدن ئەدەن، جگە لە تەکساس کە ترەمپ ٤٨،٥%ی هێناوە و بایدن لە ٤٥،٢% ی هێناوە، واتە ترەمپ لە تەکساس بردوویەتیەوە بەگوێرەی راپرسیەکە بەڵام لە هەر (١٣) ویلایەتەکەی تردا جۆبایدن زۆرایەتی دەنگەکانی هێناوە کە جیاوازیانە ٣% زیاتر و تا لە ١٠% لەنێوان جوبایدن و ترەمپ دا هەیە.

بەڵام گەلی ئەمریکا ئەوەی مەبەستیانە ئابوورییە بە پلەی یەکەم، مەسەلەی باجە، مەسەلەی تەندروستیە، مەسەلەی رەگەزییە، واتە فاکتەرە ناوخۆییەکان کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا دەبێت نەک فاکتەرە دەرەکیەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٠ی کوردی = جانیۆێری ٢٠٢١ی زایینی**